له زنجیره ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست

(30)

حوکمەکانی هەردوو جەژن لە سوننەتی پاککراوەدا

بە پێنوسی:

علي حسن علي عبدالحميد الأثري الحلبي

وەرگێڕانی:

صلاح الدين عبد الكريم

چاپی یەکەم: 1421 ك /2000 ز

چـاپی دووەم: 1429ك/ 2008ز

چـاپی سێیەم: 1432ك/ 2011ز

پێناسی پەرتووك

ناوی کتێب: **حوکمەکانی هەردوو جەژن لە سوننەتی پاککراوەدا**.

ناوی نووسەر: علي حسن علي عبدالحميد الأثري الحلبي

ناوی وەرگێڕ: صلاح الدين عبد الكريم .

ژمارەی سپاردن: ژمارە (346) پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە .

زنجیرە: زنجیرەی (30) لە زنجیرە ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست0

نۆرە و ساڵی چاپ: سێیەم ـ (1432 هـ / 2011) .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

پێشەكی وەرگێڕ

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾

[سورة آل عمران 102] .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [سورة النساء : 1].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [سورة الأحزاب :70 . 71] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

لەپاشاندا: ئاشكرايە كەمەبەست وئامانج لەدروست كردنی (جنی ومروۆڤ) بريتی‌يە لە پەرستنی خوای گەورە بەتاك وتەنها وهاوبەش بڕيارنەدان بۆی، وەكو دەفەرموويت:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: 56] .

بەلاّم ئەوەی كە ئاشكرا نی‌يە لەلای خەڵكی، ياخود ئاشكرايە بەلاّم بێ بايەخە وپشت گوێ دەخرێت بريتی‌يە لە شوێن نەكەوتنی پێغەمبەر ﷺ لەپەرستنی خوای گەورە، كە ئەميش مەرجە بۆ وەرگرتنی پەرستنەكانمان، چونكە ئەگەر بەو شێوەيەی كە پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵە بەڕێزەكانی ﷺ خوايان پەرستووە، خوا نەپەرستين ئەوا خوای گەورە لێمانی وەرناگرێت وتەنها ماندوو بوونمان بۆ دەمێنێتەوە، بەڵكو تاوانباريش دەبين، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموويت:

(من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد)[1] .

واتە: هەر كەسێك هەر كردەوەيەك بكات كە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا لێی وەرناگيرێت ودەدرێتەوە بەسەريدا.

بۆيە پێغەمبەر ﷺ هانمان دەدات كە پەرستنەكانمان وەكو پەرستنی ئەو بێت، بۆ نمونە لەدەست نوێژگرتندا دەفەرموێت:

(من توضأ نحو وضوئي هذا....)[2] .

واتە: هەر كەسێك دەست نوێژ بگرێت وەكو دەست نوێژەكەی من.

وە لە نوێژ كردندا دەفەرموێت:

(صلوا كما رأيتموني أصلي)[3].

واتە: چۆن من دەبينن كە نوێژ دەكەم ئێوەش بەو شێوەيە نوێژ بكەن.

---

(1) (رواه مسلم).

(2) (متفق عليه).

(3) (البخاري).

وە لە حەج کردندا دەفەرموویّت:

(خذوا عني مناسككم)[4].

واتە: دروشمەکانی حەج کردنتان لەمنەوە وەربگرن.

وە خوای گەورە دەفەرمویّت:

﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ [الأحزاب: 21].

واتە: ئەی موسڵمانان بە تأکیدی لە پێغەمبەری خوادا ﷺ پێشەوایەتییەکی باش هەیە بۆ ئێوە کەپەرستنەکانتان لەوەوە وەربگرن .

جەژنی ڕەمەزان وقوربانیش دووپەرستن ودروشمی گەورەی ئیسلامن، وەکو هەموو پەرستنەکانی تر دەبێت پێغەمبەر ﷺ بکەین بەپێشەواو تەماشای ئەو وهاوەڵە بەڕێزەکانی ﷺ بکەین بزانین چۆن ئەم دوو پەرستنەیان بۆ خوای گەورە جێبەجێ کردووە ئێمەش وەکو ئەوانی جێبەجێ بکەین وحوکمەکانی لەوانەوە وەربگرین، بەڵام ئەوەی جێی داخە خەڵکی زۆر شتی داهێنراویان زیاد کردووە لەهەردوو جەژنداو بێ ئاگان وکەمتەرخەمن لەجێ بەجێ کردنی حوکمەکانی جەژن، چەندەها سەرپێچی وبێ فەرمانی خوای گەورەی تێدا دەکەن .

شێخ علی حسن–خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە –وەکو زاناکانی تری ئیسلام هەستی بەم شتانە کردووە و پەرتوکێکی زۆر بەنرخی داناوە لەسەر حوکمەکان و ئادابەکان وپێویستییەکانی هەردوو جەژن، لەکۆتایی پەرتوکەکەیدا، هەندێ باسی حوکمەکانی قوربانی کردنی کردووە و ناوی ناوە: (**أحكام العيدين في السنة االمطهرة**) .

لەبەر ئەو هۆکارانەی کەباسم کرد بەپێویستم زانی ئەم پەرتوکە بەنرخە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی تا موسڵمانانی کوردیش لە حوکمەکانی هەردوو جەژن بێ ئاگا نەبن وسودی لێ وەربگرن إن شاء الله .

---

(4) (صححه الألباني في الإرواء) .

وە وەرگێڕانەكەیشم بەم شێوازەیە:-

*پەرتوكەكەم وەرگێڕاوە وەكو چۆن نوسەر نوسیوێتی بەئەمانەتەوە .

*فەرموودەكانی پێغەمبەرﷺ وەرگێڕاوە لەپاش نوسینی دەقە عەرەبی یەكەی.

*پەراوێزی پەرتووكەكەشم نووسیوەتەوە .

*ئەو فەرموودانەی كە تەخریج نەكرابوو لەسەر پەرتووكەكانی زانای فەرموودەناس شێخ محمد ناصرالدین الألباني تەخریجم كردووە.

لەكۆتاییدا: داواكارم لەخوای گەورە ئەم هەوڵە كەمە بكاتە توێشوی قیامەتمان، وەبەتەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، خوای گەورە پاداشتی هەموو لایەك بداتەوە .

وەرگێڕ /هەولێر

9رمضان1420ك

پێشەكی نوسەر

ان الحمد لله نحمده ونستعينه وسنتغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله الاّ الله وحده لاشريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

أما بعد:

بەڕاستی ئیسلام ئایینی گەورەی پەروەردگارە كەوا ڕازی بووە بۆ مرۆڤایەتی، بۆ چاكردنی هەموو ئیشێك لە كاروباری ژیان بەدرێژایی سەردەم و گۆڕانكاری سالْ .﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ﴾ [الملك: 14].

واتە: ئایا ئەو زاتەی كە خۆی مرۆڤی دروست كردووە نهێنییەكانی ناو دڵی نازانێت، كە هەر خۆی شارەزاو زانایە بەو شتانەی كە دەشاردرێتەوە.

وە بەڕاستی ئوممەتی ئیسلام باشترین ئوممەتە كەهاتبێت بۆ خەڵكی ئەویش لەبەر ڕێزلێنانی بەهەڵگرتنی ئەم پەیامە پیرۆزە، وەهەستانی بەگەیاندنی بە خۆیان و بەئوممەتانی تریش، وەبەم شێوەیە مایەوە هەتا ئەو ڕۆژەی دورکەوتنەوە لە قورئانی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ.

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان بەگشتی لەسەر ئەم پارچە زەوییە كە بگەڕێنەوە بۆ قورئانی خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بە یەككگرتوویی وبەئاگایی وتێگەیشتوویی وزانایی لە كاروباری ئیسلامەكەیان و بە حوكمەكانی پەرەستنەكانیان .

وەهەستم كرد ودڵنیا بووم كەوا لەو هۆیانەی كە ئیسلام كۆی كردۆتەوە لە لق وچڵەكانیدا كە لە پێشەوەی بنچینەكانێتی و لە لوتكەی فێركردنێتی بریتییە لەزیاد كردنی یەكێتی و یەك پارچەیی موسڵمانان و بەستنەوەی هەندێكیان بەهەندێكی تریانەوە .

وە یەكێك لەو هۆیانە ئەوەیە كە نوێژی بەكۆمەڵی لەسەریان پێویست كردووە[5] پێنج جار لە ڕۆژێكدا هەموویان دڵیان پەیوەست دەكەن بەیەك پێشەوا(إمام) وشوێنی هەنگاوەكانی دەكەون یەك بەیەك و هەست بەچاودێری پەروەردگاریان دەكەن، ئیش دەكەن بۆ هەستان بەو شتەی كە كردویانێتی بە جێنیشین تێیدا، بەزەییان بەیەكتردا دێتەوە و سۆزیان بۆ یەكتر هەیە و، خۆیان دوور دەخەنەوە لە ستەم و ئاشوب لەسەر ڕووی زەوی .

پاشان ئیسلام موسڵمانانی پەیوەست كردووە بە كۆبوونەوە لە ڕۆژانی جومعە بۆ ئەوەی شەیتان نەتوانێت هیچ لە شێتی و لووت بەرزی و هەڵبەستی زەمكراوی خۆی (همزه و نفخه ونفثه) بخاتە دڵیانەوە، یان جوانی ڕەونەق و رازاوەیی دونیا وایان لێ نەكات لێی نزیك ببنەوە و پەنا ببەن بۆ سەرابەكەی، وە كردوویەتی بە ڕۆژی جەژنیان و تیایدا كۆدەبنەوە[6]، یادخەر یادیان دەخاتەوە بەچەند ئایەتێكی خوای گەورە و بەخششەكانی هەتا بەردەوام بن لەسەر پاكی و بێگەردیان و دڵیان پەیوەست بێت بە یەكترەوە، پاشان ئیسلام لەهەر ساڵێكدا دوو ڕۆژی بۆیان داناوە كە تێیدا تەماشای ئەو شتە دەكەن كە سوودی بۆیان هەیە بەگشتی و بە هاوبەشی و هۆیەكانی خۆشەویستی دووپات دەكەنەوە، جەژنی ڕەمەزانی بۆیان داناوە كەوا لە دوای ئەو پەرستنە دێت كە لە ڕەمەزاندا كردوویانە، كە لەو كاتەدا دڵیان پاك بۆتەوە، و پوختەیە بۆ چاكەو ئیشی خێر .

هەروەها جەژنی قوربانی بۆیان داناوە ئا لەو كاتەدا كەوا بەندەكان لە ماڵی خوا هێمن وئارامن وە لەو شارە پیرۆزەیان كە نور و ڕوناكی پێغەمبەرایەتی تێدا بڵاوبۆتەوە، وە لە لایەكانی خۆری خۆشبەختی تێدا درەوشاوەتەوە،

---

(5) تەماشای: (الصلاة وحكم تاركها: 109-127 ی ابن القيم الجوزية) بكە

(6) تەماشای: (زاد المعاد: 1/364-332)، و(أضواء البيان: 8/268-310)، و(تفسير القرطبي: 18/96-120)، و(الأجوبة النافعة للشيخ الألباني) بكە.

ئەوان لەو شوێنەدا بەندەی دڵسۆزن كەوا هیچ ئیشێك ناكەن ومەبەستیان نییە تەنها ئەوە نەبێت لە خوایان نزیك بكاتەوە و لێی لانەدەن(ﷻ).

لەبەر ئەمانە هەمووی وام بە باش زانی كەوا نامیلكەیەكی سەربەخۆ بنووسم لەسەر جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان(ﷻ) و ئەو حوكمانەی كە پەیوەندی پێیانەوە هەیە .

لەگەڵ ئەو هەموو بەڵاو پشت شكاندن و تێك شكاندن و موسیبەتانەی كە ئازاری موسڵمانان دەدەن كەوا هۆیەكەی بریتییە لە دووركەوتنەوەیان لەو سەرچاوە ڕوون و پاك و مەنهەجە ڕاستەی كە خوای گەورە لە قورئانەكەیدا ئاشكرای كردووە و پێغەمبەریش ﷺ لە ژیان و سوننەتەكەیدا ڕوونی كردۆتەوە .

بەڵام زانینی حوكمە شەرعیەكان و بابەتە فیقهییەكان هیچ شتێك ڕای ناگرێت و كاری تێ ناكات، بەڵكو هانی موسڵمانان دەدات لەسەر زانیاری و ئیش كردن و بڵاوكردنەوەی خێر و بانگەواز كردن بۆ لای خوای گەورە، وە لەم نامیلكەیەدا ڕەچاوی ئاسانی و كورتیم كردووە بۆ ئەوەی نامیلكەكە تێگەیشتنی ئاسان بێت و خوێندنەوەی پەلە بێت و، داواكراوی بەباشی گرتبێتە خۆ و، جێ بەجێ كردنی حەز لێ كراو بێت، وە سوور بووم لەسەر هێنانەوەی ڕاستترین ووتە لە بابەتەكەدا، و خۆم بە دوور گرت لە جیاوازییە مەزهەبیەكان و ووتەی ڕاست و پەسەند كراوم دووپات كردۆتەوە و بە بەڵگەوە .

---

(7) كتاب: (أعياد الإسلام: 2-3 للشيخ سليمان علي الجعبري).

(8) من تەنها نەمنوسیوە لەم بوارەدا بەڵكو زۆر لە زانایان لە كۆن وتازەدا لەسەر ئەم بابەتە نوسیویانە لەوانە: (العيدين لابن أبي الدنيا)، و(كتاب العيدين لأحمد بن أبي زاهر)، و(أحكام العيدين لجعفر بن محمد الفريابي)، و(صلاة العيدين للحسين بن إسماعيل المحاملي)، و(تحفة العيدين لعبدالكريم ابن محمد السمعاني).....

وە ئەگەر پێکابێتم ئەوا بە یارمەتی خوای گەورە بووەو ئەگەر هەڵەیشم کردبێت لێخۆشبوون و بەزەیی هەر لە خواوەیە.

لە کۆتاییدا داوا دەکەم لە خوای گەورە یارمەتیم بدات بۆ نیەت پاکی لەم کردەوەیەمدا وسوودەکەی هەموو موسڵمانان بگرێتەوە، هەر خوای گەورە بیسەر و وەڵام دەرەوەیە.

نوسینی

أبو الحارث بن علي بن حسن بن علي

(1)

(جەژن)

هەموو ڕۆژێكە كۆبوونەوەیەكی تێدا بێت، داتاشراوە لە (عاد) و (یعود) وەكو بڵێی بۆی گەڕاونەتەوە، كۆیەكەیشی (أعیاد) ە، ابن الأعرابي دەڵێت: جەژن ناونراوە بە (عید) چونكە هەموو ساڵێك بەخۆشی و شادی تازەوە دێتەوە و دەگەڕێتەوە[9] .

(ابن عابدین) دەڵێت: جەژن ناونرا بە (عید) چونكە خوای گەورە جۆرەها چاكەی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەندەكانی لە هەموو ڕۆژێكدا لەوانە خواردن لە پاش خۆگرتنەوە لێی و سەرفترە و تەواو بوونی حەج و سوڕانەوەی سەردان (طواف الزیارة) و گۆشتی قوربانی و شتی تر، چونكە عادەت لەمانەدا خۆشی و شادی و بەختەوەری بەخششە[10].

---

(9) (لسان العرب: 3 / 319) .

(10) (حاشیة ابن عابدین: 2 /165) .

وە بزانە برای موسڵمانم كە ئەو چەژنانەی كە خوای گەورە بۆ موسڵمانانی داناوە ئاشكراو زانراون، كە بابەتی ئەم پەرتوكەی بەر دەستتە، بەڵام لەم سەردەمەدا چەژنەكان بە شێوەیەك زۆر بوونە كە نزیكە نەتوانرێت بژمێردرێن لەهەر وولاتێك لە وولاتە ئیسلامییەكان سەرەڕای جگە لەوان، دەبینیت چەژن ساز دەكرێت بۆ گومەز وگۆڕ وئارامگا وكەس و وولاتان وجگە لەمانە كە خوای گەورە ڕێگەی پێ نەداوە، تا لە هەندێك لە سەرژمێرییەكاندا هاتووە كە تەنها موسڵمانانی هیند ساڵانە(144) چەژنیان هەیە، وە تەماشای: (أعیاد الإسلام: 8) بكە بەدەستكارییەوە.

(2)

ڕەحمەتی خوای گەورە بۆ ئوممەتی محمد ﷺ بەهەر دوو جەژن

عن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: كان لأهل الجاهلية يومان يلعبون فيهما فلما قدم النبي ﷺ المدينة قال: (ان لكم يومان تلعبون فيهما وقد أبدلكم الله بهما خيرا منهما يوم الفطر ويوم الأضحى)[11] .

واتە: لە (أنس) ەوە رضي الله عنه فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ هاتە مەدینە خەڵکی دوو ڕۆژیان هەبوو یاریان تێدا دەکرد لەسەردەمی نەفامی دا[12] .

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من هاتمە ناوتانەوە ئێوە دوو ڕۆژتان هەبوو لە نەفامیدا یاریتان تێدا دەکرد خوای گەورە بۆتانی گۆڕی بە باشتر لەوان ئەویش: جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربانە.

(شیخ احمد عبد الرحمن البنا) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

واتە: چونکە جەژنی ڕەمەزان و قوربان بە دانان و هەڵبژاردنی خوای گەورەیە بۆ دروستکراوەکانی .

وە لەبەر ئەوەی لە دوای جێ بەجێ کردنی دوو کاری گەورەی ئیسلامەوە دێن کە بریتین لە حەج و ڕۆژو کە تێیاندا خوای گەورە لە حاجیان و ڕۆژوگران خۆش دەبێت، وە ڕەحمەتی خۆی بڵاودەکاتەوە بەسەر هەموو ئەو دروستکراوانەی کە گوێڕایەڵیان هەیە بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە، بەڵام (نەورۆز و میهرەجان) بە دانان و هەڵبژاردنی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە بووە، کە لەو دوو ڕۆژەدا کات و ئاوهەوا گونجاوە و چەند تایبەتمەندییەکی تر کە دەڕوات و نامێنێت.

بۆیە جیاوازی لە نێوانیاندا ئاشکرایە بۆ کەسێك کە تێ بڕوانێت[بمتر] .

---

(11) (أخرجه أحمد: 3 /103 – 178 – 235، وأبو داود: 1134، والنسائي: 3 / 179، والبغوي: 1098، وصححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: 2021).

(12) كە نەورۆز و میهرەجان بوونە، تەماشای (عون المعبودى العظيم آبادي 3 / 485) بكە .

(3)

ڕێگا پێدان بە گوێ گرتن لە دەففی جارییە (کیژۆڵە)

لەخاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ هاتە ژورەوە بۆلام دوو جاریەی لێ بوو گۆرانیان دەگوت[14] بەسەر (بعاث) دا، ڕاکشا لەسەر ڕایەخەکەو ڕووی وەرگێڕاو ئەبو بەکریش رضي الله عنه هاتە ژوورەوە و پێی ناخۆش بوو فەرمووی: دەنگی شەیتان لەلای پێغەمبەر!؟ پێغەمبەر ﷺ ڕووی تێکرد و فەرمووی: (دعهما)، واتە: (وازیان لێ بهێنە)، وە کاتێك پێغەمبەر ﷺ بێ ئاگا بوو چاوم لێ تیژ کردنەوە چونە دەرەوە لە ڕیوایەتێکی تردا فەرمووی: (يا أبا بكر إن لكل قوم عيد وهذا عيدنا)[15].

واتە: (ئەی ئەبا بەکر هەموو نەتەوەیەك جەژنێکیان هەیە ئەمەیش جەژنی ئێمەیە).

(بعاث)[16] ڕۆژێکی ناسراو بووە لە ڕۆژەکانی عەرەب کەتیایدا (أوس) کوشتارێکی زۆری (خەزرەجیان) کردووە، شەڕەکە لە نێوانیاندا بەردەوام بووە بۆ ماوەی (120) ساڵ هەتا ئیسلام هات، دووجارییەکە ئەو هەڵبەستەی کردوویانە بە گۆرانی لە پێداهەڵدان بەسەر شەڕ و ئازایەتی دا بووە کە یادکردنەوەی یارمەتی دەرە بۆ ئیش و کاری دین.

بەڵام گۆرانییەك کە باسی شتی خراپ و پێداهەڵدان بێت بەسەر شتی قەدەغە کراودا و بە ئاشکرا وتەی خراپەی تێدا بێت، ئەمە دروست نییە و حەرامە حاشا لە پێغەمبەر ﷺ کە بە ئامادە بوونی ئەو شتێکی خراپ باس بکرێت و بێ ئاگا بێت لە بەرهەڵستی کردنی.

---

(13) (الفتح الرباني: 6 /119).

(14) لە ڕیوایەتێکی تردا (بەڵام گۆرانی بێژ نەبوون) تەماشای: (شرح المسلم: 6 /182) بکە.

(15) البخاري (949)، (952) و (987) و 2907) و (3530) و(3931) و(رواه مسلم: 892).

(16) تەماشای: (النهاية: 1/ 139) ی (ابن الأثير الجزري) بکە.

وەك دەفەرموویت: (ئەمەیش جەژنی ئێمەیە مانای وایە کە دەربڕینی خۆشی و شادی لە جەژنەکاندا دروشمی دینە، وەکو رۆژەکانی تر نییە) .

(إبن حجر) یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویت: ئەم فەرموودەیە چەند سوودێکی تێدایە، لەوانە دروستێتی فراوان کردن لەسەر ماڵ و منداڵ لە ڕۆژانی جەژنەکاندا بە جۆرەها شێواز کە ئارامی دڵ و پشووی لاشەی تێدا بێت لە ماندوو بوونی پەرستنەکە، وە پشت گوێ خستنی باشترە .

هەروەها سوودی ئەوەی تێدایە کە دەربڕینی خۆشی لە جەژنەکاندا لە دروشمی دینە[17].

(17) (فتح الباري: 2 /443) .

(4)

خۆ جوان کردن و خۆ ڕازاندنەوە لە جەژندا

لە (عبد الله کوڕی عومەر) ەوە ﷺ فەرموویەتی: (ئیمامی عومەر رضي الله عنه کراسێکی (جوبەیەکی) هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ کە لە (ئاورێشم) دروست کرا بوو (إستبرق) لە بازاڕ دەفرۆشرا، و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە بگرە خۆتی پێ بڕازێنەوە بۆ جەژن و پێشوازی کردن لە وەفدەکان، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (إنما هذه لباس من لا خلاق له) .

واتە: (ئەمە پۆشاکی کەسێکە کە هیچ بەشێکی نەبێت لە قیامەت) .

ئیمامی عومەر رضي الله عنه مایەوە تا خوا ویستی لەسەر بوو بمێنێتەوە، پاشان پێغەمبەر ﷺ کراسێکی دیباجی بۆ نارد (واتە لای درێژی و پانیەکەی ئاورێشم بوو) .

ئیمامی عومەریش هێنای بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ فەرمووت: (ئەوە پۆشاکی کەسێکە کە هیچ بەشێکی نەبێت) واتە لە قیامەتدا، ئێستاش خۆت ئەمەت بۆ ناردووم، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: (تبيعها أو تصيب بها حاجتك)[18] .

واتە: (بیفرۆشە یان پێویستی خۆتی پێ جێ بەجێ بکە).

زانای پایە بەرز (السندی) دەفەرموێت: لەم فەرمودەیەوە زانراوە کە خۆ ڕازاندنەوە لە ڕۆژی جەژن دا نەریتێکی دان پێدانراو بووە لە نێوانیاندا وە پێغەمبەریش ﷺ بەرهەڵستی نەکردووە بۆیە زانراوە کەماوەتەوە[19] .

(إبن حَجَر) دەفەرموێت: (إبن أبي الدنيا) و(البيهقي) بەسەندێکی (صحيح)، بۆمان دەگێڕنەوە کە عبدالله ی کوڕی عومەر رضي الله عنه لەناو جل و بەرگەکانیدا باشترینیانی لەبەر دەکرد لە جەژنەکاندا[20].

---

(18) البخاري: (886) و (948) و (2104) و(2619) ومسلم (2068)

(19) (حاشية السندي على النسائي: 3 / 181).

دیسان دەفەرموویت: شیوەی بە بەڵگە زانینی حەدیسەكەی ئیمامی عومەر رضي الله عنه لەو ڕووەوەیە كە پێغەمبەر ﷺ دانی بە خۆ ڕازاندنەوە بۆ جومعە هێناو بەرهەڵستییەكەی كورت كردەوە لەسەر لەبەركردنی وەك ئەو پۆشاكە، چونكە لە ئاوریشم بوو[21] .

(إبن قُدامه) لە (المغني 2/ 228) دا دەفەرموویت: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە خۆ ڕازاندنەوە لەلایان لەم شوێنانەدا ئاشكراو باو بووە .

(ئیمامی مالك) دەفەرموویت: بیستومە كە زانایان بۆنی خۆش و شتی جوانیان لە هەموو جەژنێكدا پێ خۆش بووە .

(إبن القیم) لە (زاد المعاد 1/ 441) دا دەفەرموویت: پێغەمبەر ﷺ بۆ دەرچوون بۆ هەردوو جەژنەكان لە جوانترین جل و بەرگەكانی لەبەر دەكرد و پۆشاكێكی هەبوو بۆ هەر دوو جەژن و جومعە لەبەری دەكرد، جارێكیش دوو پۆشاكی (صوف) سەوزی لەبەر كرد، وە جارێكی تریش جلێكی سووری لەبەر كرد[22] .

بەڵام سورێكی تەواو نەبوو وەكو هەندێ خەڵك گومان دەبەن، ئەگەر وابوایە ئەوا (بورد) ی پێ نەدەوترا بەڵكو چەند خەتێكی سووری تێدا بووە وەكو (بورد) ە یەمەنییەكان .

---

(20) (فتح الباري: 2 / 439) .

(21) سەرچاوەی پێشوو: (2 /434).

(22) تەماشای: (السلسلة الصحيحة: 1279) بكە .

(5)

دەرچوون بۆ نوێژگە (المصلى)

لە (أبی سعيد الخدری) ەوە ﷺ فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ جەژنی ڕەمەزان وقوربان دەردەچوو بۆ نوێژگە(مصلى) یەكەم شت دەستی پێ دەكرد نوێژەكە بوو[23].

زانای پایەبەرز (ابن الحاج المالكی) دەفەرموێت: سوننەتی لەسەر ڕۆیشتوو لە نوێژی جەژنەكاندا ئەوەیە كە لە نوێژگە (مصلى) بكرێت، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(صلاة في مسجدي هذا أفضل من الف صلاة فيما سواه إلا المسجد الحرام) .

واتە: نوێژێك لەم مزگەوتەی مندا خێری زیاترە لە هەزار نوێژ لە مزگەوتەكانی تردا تەنها مزگەوتی (كەعبە) نەبێت[24] .

لەگەڵ ئەم هەموو خێرە زۆرەدا نوێژی جەژنەكانی لە نوێژگە (مصلى) دەكرد[25].

زانای پایەبەرز (ابن قدامة المقدسي) دەفەرموێت: سوننەت وایە كە نوێژی جەژن لە نوێژگە (مصلى) دابكرێت فەرمانی بە ئیمامی عەلیش ﷺ بەم شێوەیە كردووە، وە(ئیمامی ئەوزاعی) وای بەباش زانیوە .هەروەها–اصحاب الرأي[26].بەهەمان شێوە، ئەمە ووتەی(ابن المنذر) یشە[27] .

---

(23) (البخاري: 956) و(مسلم: 889) و(النسائي: 187/3).

(24) (البخاري: 1190)و (مسلم: 1394).

(25) (المدخل: 283/2).

(26) واتە: ئەو زانایانەی كەحەدیسیان پێ نەگەیشتووە وبەڕەئی خۆیان ئیشیان كردووە وەكو (قوتابخانەی كوفە) وحەنەفیەكان .

(27) (المغني: 230/2).

وەهەر كەسێك نەیتوانی دەرچێت بۆ نوێژگە (مصلی) لەبەر نەخۆشی یان گەورەیی تەمەن، نوێژی لە مزگەوتدا كرد ئەوا هیچی لەسەر نییە إن شاء الله (المغني (230/2).

وە لێرەدا ئاگاداركردنەوەیەك هەیە كە پێویستە باس بكرێت ئەویش ئەوەیە كە ئامانج لە نوێژ كردن لە نوێژگە (مصلی) ئەوەیە كەموسڵمانان لەیەك شوێن كۆببنەوە بەگەورەیی بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین لەزۆربەی وولاتاندا كەچەند نوێژگە (مصلی) یەك هەیە ئەگەر چی پێویستیش نەكات ئەمەیش شتێكە زانایان ووتوویانە (مكروهە)[28]، نەك هەر ئەوەندەیش بەڵكو هەندێ لە نوێژگە (مصلی) كان بوونەتە مینبەری حیزبایەتی بۆ پارچە پارچە كردنی ووشەی موسڵمانان (لا حول ولا قوة الا بالله).

(28) (نهاية المحتاج: 375/2) للرملي.

(6)

ڕۆیشتن وگەڕانەوە لە نوێژگە (المصلى)

لە (جابری كوڕی عبدالله) ەوە ﷺ فەرموویەتی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ڕۆژی جەژن بوایە ڕێگاكەی دەگۆڕی[29] .

زانایەی پایە بەرز (ابن القيم الجوزية) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ ڕێگایەكی جیاوازی دەگرتە بەر لە جەژنی ڕەمەزاندا لەڕێگایەكەوە دەڕۆیشت و لەڕێگایەكی ترەوە دەهاتەوە، وتراوە: بۆ ئەوەی سەلام لە خەڵكی هەردوو ڕێگاكە بكات، وە وتراوە: بۆ ئەوەی خەڵكی هەردوو ڕێگاكە توشی بەرەكەتی ببێت، وە وتراوە بۆ ئەوەی هەركەسێك پێویستی پێی بوو پێویستییەكەی بۆ جێ بەجێ بكات، وە ووتراوە: كە ئەمە ڕاستترینیانە لەبەر هەموو ئەم شتانە بووە، وە لەبەر چەند داناییەكی تر كە هیچ ئیشێكی پێغەمبەر ﷺ بێ دانایی نەبووە[30] .

(ئیمامی نەوەوی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پاش ئەوەی ئەم چەند شتەی سەرەوە باس دەكات دەفەرموێت:

ئەگەر هۆیەكەشی نەزانراو بێ سوننەتە شوێنی بكەوین بەیەك جاری، خوای گەورە باشتر دەزانێت[31].

---

(29) (البخاري: 986) .

(30) (زاد المعاد: 1 / 449)، وانظر كلام الإمام البغوي في: (شرح السنة: 314/4) .

(31) (روضة المحبين: 2 / 77).

دوو ئاگادار کردنەوە:

یەکەم: (ئیمامی البغوي) لە (الشرح السنة 4/ 302 – 303) دەفەرموویت: سوننەتە کە خەڵکی بەیانی زوو بچێت بۆ نوێژگە (مصلی) پاش ئەوەی نوێژی بەیانی دەکات بۆ ئەوەی هەر کەس شوێنی خۆی بگرێت، والله أكبر بکەن وەدەرچوونی ئیمامیش لە کاتی نوێژدا دەبێت .

دووەم: (ئیمامی الترمذي) (530) وە (ابن ماجة) (161) لە (عەلی) ەوەرضي الله عنه بۆمان دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (سوننەتە بە پێ بچیت بۆ نوێژی جەژن)[32] .

(32) (وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح سنن الترمذي: 164/1).

(7)

الله أكبر كردن لە هەردوو (جەژندا)

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ [البقرة : 185] .

واتە: (ئەو كەسانەی كە لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو نەبوونە بە هۆی نەخۆشی یان سەفەر كردن با لە پاش ڕەمەزان بەڕۆژوو ببن تا مانگەكە تەواو دەكەن و پاداشتی تەواو وەربگرن، وە خوای خۆیان بەگەورە بزانن بەوەی ڕۆژووی بۆ بگرن و یادی بكەنەوە، چونكە ڕێنمونیتانی كردووە، بەڵكو سوپاس و ستایشی خوا بكەن) .

وە جێگیر بووە كە پێغەمبەر ﷺ (جەژنی ڕەمەزان دەردەچوو الله ئەكبەری دەكرد هەتا دەگەیشتە نوێژگە (مصلی) وە هەتا نوێژی تەواو دەكرد، كە نوێژی تەواو بكردایە الله أكبری نەدەكرد[33].

زانای فەرمودەناس (الألباني) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: لەم فەرموودەیەدا بەڵگەی دروستێتی ئەوەی تێدایە كە موسڵمانان كردوویانە لە بەئاشكرا وتنی ألله أكبر لە ڕێگادا بۆ نوێژگە (المصلی) هەرچەندە زۆربەی خەڵكی ئەم سوننەتەیان بەسوك گرتووە تا وای لێهاتووە نزیكە نەمێنێ، وە ئەوەی كەباش بێت لێرەدا یادی بخەینەوە ئەوەیە كە بەئاشكرا ووتنی – ألله أكبر – دروست نییە بۆی كۆببتەوە و بەیەك دەنگ بیڵێیت هەروەكو چۆن هەندێ لەخەڵكی دەیكەن، هەروەها هەموو زیكرێك دروست بێت دەنگ بەرز بكەیتەوە تیایدا یان دروست نەبێت، دروست نییە كۆببیتەوە بە كۆمەڵ بیڵێیت، با لەم شتە بەئاگا بین وهەمیشە لە پێش چاوی خۆمانی دابنێین كە

---

(33) (رواه ابن أبي شيبة في: المصنف، والمحاملي في: كتاب صلاة العيدين، بإسناد صحيح لكنه مرسل، لكن له شواهد يتقوى بها) تەماشای: (السلسلة الصحيحة: 170) بكە .

باشترین ڕێگاو ڕێنمایی (ڕێنمایی پێغەمبەرە ﷺ) [34] .

وە پرسیار کرا لە (شیخ الاسلام) (إبن تیمیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی کاتی الله أکبر لە جەژنەکاندا فەرمووی: سوپاس بۆ خوا، ڕاستترین ووتە لە الله أکبر کردن دا کە زۆربەی زانایانی پێشین و تێگەیشتوانی لە هاوەڵان ﷺ وپێشەوایانی لەسەر بێت لە فەجری ڕۆژی عەرەفە تا کۆتایی (أیام التشریق) لە پاش هەموو نوێژێك وە دروستە بۆ هەموو کەسێك بە ئاشکرا الله أکبر بڵێت لە کاتی دەرچون بۆ جەژن ئەویش بەڕێککەوتنی هەر چوار زاناکە [35] .

منیش دەڵێم: کەدەفەرموویت (پاش هەموو نوێژێك) بەتایبەتی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، ئەوەی ڕاست بێت لە هەموو کاتێك دا بەبێ تایبەت کردنی بەکاتێکی دیاری کراوەوە بەڵگەیش لەسەر ئەمە (ئیمامی البخاری) لە کتێبی (العیدین من صحیحە (2 / 461) دەفەرموویت:

(باب التکبیر أ یام المنی، وإذا غدا الی عرفة) .

ئیمامی عومەر ﷺ لە خانوەکەی خۆی لە مینا ألله أکبری دەکرد خەڵکی مزگەوتەکە گوێ یان لە دەنگی دەبوو ئەوانیش الله أکبریان دەکرد وە خەڵکی بازاڕیش ألله أکبریان دەکرد هەتا (منی) دەهەژایەوە لە الله أکبر کردندا .

وە (عبد الله کوڕی عومەر) یش ﷺ لە (منی) الله أکبر ی دەکرد ئەو ڕۆژانە وە پاش نوێژەکانیش، وە لەسەر جێگاکەی وە لەناو دەوارەکەی، وەلە دانیشتن و ڕۆیشتن و لە هەموو ئەو ڕۆژانەدا .

---

(34) (سلسلة الأحادیث الصحیحة: 1 / 121) وللشیخ العلامة حمود التویجري (رحمه الله) رسالة مفردة في إنکار هذا التکبیر الجماعي، وهي مطبوعة..

(35) (مجموع الفتاوی: 24 /220) وە تەماشای: (سبل السلام: 2 / 71 – 72) بکە .

وە (مەیمونە) ی دایکی موسڵمانان(خوای لێ رازی بێت) لە جەژنی قوربانداا الله أكبری دەکرد، وە ئافرەتانیش لە دوای (أبانی کوڕی عثمان) و (عومەری کوڕی عبدالعزیز) دوە ﷺ الله أكبریان دەکرد شەوانی (التشريق)[36] لەگەڵ پیاواندا لە مزگەوت .

وە (عبد الله کوڕی عومەر) ﷺ کە بەیانی بچووایە بۆ نوێژ لە جەژنی ڕەمەزان و قوربانداا بە ئاشکرا بە دەنگی بەرز (الله أكبر) ی دەکرد هەتا دەگەیشتە نوێژگە (مصلی) پاشان الله أكبری دەکرد هەتا ئیمام دەهات[37] .

وە ئەوەی من بزانم هیچ فەرموودەیەکی ڕاست لە پێغەمبەرەوەﷺ نەهاتووە دەربارەی چۆنیەتی الله أكبر کردن بەڵکو لەهەندێ هاوەڵانەوە ﷺ هاتووە: (عبدالله کوڕی مەسعود) دەیفەرموو:

(الله أكبر الله أكبر، لا إله إلا الله، والله أكبر الله أكبر ولله الحمد)[38].

وە (عبد الله کوڕی عەباس)ﷺ دەیفەرموو: (الله أكبر الله أكبر، الله أكبر ولله الحمد، الله أكبر وأجل، الله أكبر على ما هدانا)[39].

(البيهقي) بەسەنەدێکی (صحيح) لە (السنن الكبرى) (3/ 316) لە (سەلمانی خەیر) دوە ﷺ بۆمان دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: الله أكبر بکەن، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر كبيرا .

زۆربەی زۆری خەڵکی پێچەوانەی ئەم ذیکرانە دەکەن کە لە پێشینەکانمانەوە هاتووە، زیادی دەکەن وشتی تر دادەهێنن کە هیچ بنچینیکی نییە .

---

(36) واتە: ڕۆژانی 11 ، 12 ، 13 ، مانگی ذي الحجة (دووهەم و سێ هەم و چوارەم ڕۆژی جەژنی قوربان) وە بۆیە پێ ی دەوترێت (التشريق) چونکە خەڵکی گۆشتیان هەڵدەگرت لە بەر خۆر .

(37) الدار قطني وابن أبي شيبة وغيرهم بسند صحيح . تەماشای: (إرواء الغليل: 650) بکە .

(38) (ابن أبي شيبة: 2 / 168) بە سەنەدێکی (صحيح) .

(39) البيهقي: 3 / 315) بە سەنەدێکی (صحيح) .

(ابـن حجـر) (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) لـە (فـتح البـاری) (2 / 536) دەفـەرموویێت: (چـەند شـتێك لـەم كاتـەدا دروسـت كـراوە كـە زیـادەو هـیچ بنچینەیەكی نیـیە) .

(8)

چ كاتێك دەخۆیت لەهەردوو جەژندا

لە (أنس) ﷺ دەفەرموویێت: پێغەمبەر ﷺ لە جەژنی ڕەمەزاندا دەرنەدەچوو هەتا چەند دەنكە خورمایەكی دەخوارد[40].

ئیمامی (المُهَلَّب) دەفەرموویێت:

حیكمەت لەخواردندا پێش نوێژ ئەوەیە هەتا گومان بەرێك گومان نەبات لە بەردەوامی ڕۆژوو گرتن هەتا نوێژی جەژن دەكرێت، پێغەمبەر ﷺ ڕێگای ئەم گومان بردنەی گرت[41] .

لە (بورەید) هوە ﷺ فەرموویەتی:

پێغەمبـەر ﷺ دەرنەدەچـوو بـۆ نوێـژی جـەژنی ڕەمـەزان هـەتا شـتێكی نەخواردایا، وە جەژنی قوربان هیچی نەدەخوارد هەتا نە گەڕایەتەوە پاشان لە قوربانییەكەی خۆی دەخوارد)[42].

زانای پایەبەرز (ابن قیم) دەفەرموویێت:

بـەڵام لەجـەژنی قوربـان پێغەمبـەر ﷺ هیچـی نـەدەخوارد هـەتا لـە نوێژگـە (مصلی) نەگەڕایەتەوە وە لە قوربانییەكەی خۆی دەخواد[43] .

زانای پایە بەرز (الشوكانی)[شش] دەفەرموویێت:

---

(40) (البخاري: 953) و(الترمذي: 543) و(ابن ماجة: 1754).

(41) (فتح الباري: 2 / 447).

(42) (الترمـذي: 542) و(ابـن ماجـة: 1756) و(الـدارمي: 1 / 375) و(أحمـد: 5 / 352) سەنەدەكەی (حسن) ه .

(43) زاد المعاد (441/1) .

حیکمەت لە دواخستنی خواردن لە جەژنی قوربانداا ئەوەیە، ئەو ڕۆژە قوربانی کردن و خواردنی تێدا ڕێگە پێدراوە کە خواردنی خۆی لە قوربانییەکەی خۆی بێت .

(ئیبن قدامە) وای فەرمووە(ﷺ).

(الزین بن المُنَیِّر) دەفەرموویت[46]:

خواردنی پێغەمبەر ﷺ لە هەردوو جەژن لەکاتی دروستی خۆیدا بووە بۆ دەرکردنی خێری تایبەتی پێ یانەوە، بەدەرکردنی سەرفترە پێش هاتن بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان و دەرکردنی قوربانی لە پاش نوێژی جەژنی قوربان لە دوای سەربڕینی.

---

(44) (نيل الأوطار: 3 /357).

(45) وانظر: (المغني: 371/2).

(46) تەماشای: (فتح الباري: 2 /448) بکە .

(9)

خۆ شوشتن پێش جەژن

لە (نافع) دوە (عبد الله کوڕی عومەر) ﷺ لە جەژنی ڕەمەزان خۆی دەشوشت پێش ئەوەی بچێت بۆ نوێژگە (مصلی)[47].

(سعیدی کوڕی المسیب) دەفەرمووێت:

سوننەتی جەژنی ڕەمەزان سێ شتە: بە پێ بڕۆیت بۆ نوێژگە (مصلی) و خواردن پێش دەرچوون و خۆشوشتن[48].

دەڵێم: لەوانەیە مەبەستی سوننەتی هاوەڵان ﷺ بێت، واتە ڕێگاو ڕێنمایی ئەوان، ئەگەر نا هیچ لەم بارەیەوە لەپێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر نەبووە .

(ابن قدامة) دەفەرمووێت:

سوننەتە خۆبشۆردرێت بۆ جەژن، وە(عبدالله ی کوڕی عومەر) ﷺ لە جەژنی ڕەمەزان خۆی دەشوشت و، وەلە(عەلی) یشەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە .

وە(علقمة) و(عروه) و(عطاء) و(النخعي) و(الشعبي) و(قتاده) و(ابو الزناد) و(مالك) و(الشافعي) و(ابن المنذر) ﷺ وایان ووتووە[49].

ئەوەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە لەم بارەیەوە ضەعیفە[50] .

---

(47) (مالك: 1 / 177) و(الشافعي: 73) و (عبد الرزاق: 5754) سەنەدەکەیشی (صحیح) ە .

(48) (الفريابي: 127 /1و2) بەسەنەدێکی صەحیح، هەروەکو چۆن لە (إرواء الغليل) (2 / 104) هاتووە .

(49) (المغني: 370/2).

(50) في: (سنن ابن ماجة: 1315) وفي إسناده جُبارة بن المغَلِّس وشيخه وهما ضعيفان، ورواه أيضا في (1316) وفيه يوسف بن خالد السَّمْتي، كذبه غير واحد.

(10)

ئایا پێش وپاشی نوێژی جەژن نوێژی تر هەیە؟

لە(عبداللـەی کـوڕی عـەبباس)ەوە ﷺ (پێغەمبـەر ﷺ جـەژنی ڕەمـەزان دوو ڕکاتی کرد نە لەپێش ونە لەپاشی نوێژی تری نەکرد[51] .

(ابن القيم)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت[52]:

نە پێغەمبەر ﷺ نەهاوەڵان ﷺ نوێژیان نە ئەکرد کە بگەیشتنایەتە نوێژگە (مصلی) نەلە پێش و نەلە پاش نوێژی جەژن .

(ابن حجر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت[53]:

دەست کەوتوو سەرئەنجام ئەوەیە کە نوێژی جەژن هیچ سوننەتێك نە لەپێش و نە لەپاش جێگیر نەبووە، بەپێچەوانەی کەسێکەوە کەقیاسی دەکات لەسەر جومعە[54] .

(51) (البخاري: 989) و(الترمذي: 537)و(النسائي: 193/3)و(ابن ماجة:1291).

(52) (زاد المعاد: 443/2).

(53) (فتح الباري: 476/2).

(54) (شرح السنة: 316/4-317).

(11)

حوكمی نوێژی هەردوو جەژن

(شێخ الاسلام)(ابن تيميه) دەفەرموێت: لەبەر ئەمە ئێمە ئەمەمان بەڕاست داناوە كە نوێژی جەژن فەرزی عەينە، وەكو ووتەی (ابو حەنيفە)[55] وجگە لەويش، وە يەكێكە لە ووتەكانی (شافعی) و يەكێكە لە دوو ووتەی مەزهەبی (احمد).

وە ووتەی كەسێك كەبڵێ نوێژی جەژن (واجب) نييە، لەوپەڕی دووری دايە، چونكە نوێژی جەژن لە گەورەترين دروشمەكانی ئيسلامەو خەڵكی بۆی كۆدەبنەوە زياتر لەجومعە، وە الله اكبری تێدا دانراوە، وەووتەی كەسێك كەبڵێت فەرزی كيفايەيە ڕێك نييەو دانەمەزرێت[56].

ئيمامی (الشوكانی)لە(السيل الجرار)(315/1)[57] دەفەرموێت: بزانە پێغەمبەر ﷺ بەردەوام ئەم نوێژەی كردووە لەجەژنەكاندا، وەوازی لێ نەهێناوە لە جەژنێك لەجەژنەكاندا، وەفەرمانی بەخەڵكی كردووە كەدەرچن بۆ نوێژ كردن هەتا فەرمانی كردووە بەدەرچوونی ئافرەتانی باڵغ بوو، وئەو ئافرەتانەی كە لەژووری خۆيانن وئافرەتانی حەيزدار .

---

(55) انظر: حاشية ابن عابدين: 166/2- فما بعد).

(56) (مجموع الفتاوى: 161/23).

(57) وعنه صديق حسن خان في: الموعظة الحسنة: 42-43).

بەڵام فەرمانی بە ئافرەتانی حەیزدار كردووە كە نوێژ نەكەن بەڵام ئامادەی خێرو دوعای موسڵمانان بن تەنانەت فەرمانی كردووە بەو ئافرەتانەی كەعەبایان نییە (جلباب) لەیەكێكی تر وەری بگرن وئامادەی نوێژەكە بن[58].

ئەمە هەموو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەم نوێژە (واجب)ە وفەرزی عەینە نەك فەرزی كیفایە، فەرمان كردنی بەدەرچوون بۆ نوێژ واپێویست دەكات كە فەرمان كردنە بە نوێژیش بۆ كەسێك كەعوزری نەبێت، بەمانای ووتەكە چونكە دەرچوون بۆ نوێژ هۆیەكە بۆ نوێژ كردن، وەواجب بوونی هۆیەكە واپێویست دەكات ئامانجەكەیش واجب بێت (ئەوەی لەپێناوی دەردەچێت كە نوێژەكەیە)، وەپیاو شایانترە لە ئافرەت بەم حوكمە كە نوێژی جەژن واجب بێت لەسەریان.

پاشان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)دەفەرموێت: وەبەڵكەی تر لەسەر واجب بوونی نوێژی جەژن ئەوەیە كە نوێژی جومعە لادەبات ئەگەر جەژن و جومعە بكەونە یەك ڕۆژەوە[59] چونكە ئەگەر شتێك واجب نەبێت واجب لانابات .

وەجێگر بووە كە پێغەمبەر ﷺ بەردەوام نوێژی جەژنی بەجەماعەت كردووە لەو ڕۆژەی پێویست كرا هەتا كۆچی دوایی كرد.

لەگەڵ ئەمەیشدا فەرمانی بەخەڵكی كردووە كەدەربچن بۆ نوێژی جەژن[60] .

---

(58) البخـــاری (324) و (351) و (971) و(974) و (980) و(981) و(1652)، و(مســـلم: 890) من حديث أم عطية (رضي الله عنها).

(59) هەروەكە چۆن لەحە دیثی ابو هـورەیرە دا ﷺ هـاتووە: كاتێك جـەژن و جومعـە كەوتنـە یـەك ڕۆژەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(اجتمع في يومكم هذا عيدان، فمن شاء أجزأه من الجمعة، وإنا مجمعون).

واتە: (لەم ڕۆژەدا دوو جەژن كۆبوونەتەوە هەركەسێك وویستی لێ بێت نوێژی جەژنی بەسەو لەجیاتی جومعەیە، وەئێمە نوێژی جومعە دەكەین) (رواه أبو داود: 1073) و(ابن ماجة: 1311) وسنده حسن، وانظر: (المغني: 358/2)، و(مجموع الفتاوى: 212/24).

(60) تەماشای: (نيل الأوطار: 3 /382 – 383) و(الروضة الندية: 1 / 142) بكە .

زانامان (الألباني) لە (تمام المنة) (344) پاش ئەوەی حەدیسی (أم عطية) دەهێنێتەوە و دەفەرموێت:

(ئەم شتەی باسكراوە بەڵگەیە لەسەر واجب بوونی نوێژی جەژن، وە ئەگەر دەرچوون بۆ نوێژی جەژن واجب بێت ئەوا شایانترە كە نوێژەكە واجبە) .

هەروەكو چۆن ناشاردرێتەوە ئەوەی حەق بێت ئەوەیە كە واجب بێت نەك تەنها سوننەت .

(12)

كاتی نوێژی جەژن

لە (عبدالله ی كوڕی بُسری) هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ كاتێ كە دەردەچوو لەگەڵ خەڵكدا بۆ جەژنی ڕەمەزان یان بۆ جەژنی قوربان، ئینكاری دواكەوتنی ئیمامی كردووە و فەرموویەتی: ئێمە لەم كاتەدا لە نوێژ دەبووینەوە، واتە كاتی نوێژی سوننەت[61]. ئەگەر كاتی كەراهەتی نوێژ بەسەر بچوایە .

ئەم فەرموودەیە ڕاستترین[62] فەرموودەیە لەباسی كاتی نوێژی جەژندا جگە لەمە شتی تر دەگێڕێتەوە بەڵام لە ڕووی سەنەدەوە جێگیر نابێت .

(إبن قيم) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ نوێژی جەژنی ڕەمەزانی دوادەخست و نوێژی جەژنی قوربانی پێش دەخست و بەپەلە دەیكرد، (إبن عومەر) رضي الله عنه لەگەڵ توندی شوێنكەوتنی بۆ سوننەت دەرنەئەچوو بۆ نوێژ هەتا خۆر هەڵنەهاتایە[63].

(صديق حسن خان) دەفەرموێت: كاتی نوێژی هەردوو جەژن پاش بەرزبونەوەی خۆر بەقەد ڕمێك هەتا خۆر لار دەبێتەوە (الزوال) زانایانیش یەك

---

(61) تەماشای: (فتح الباري: 2 /457) و(النهاية: 2 / 33 1) بكە .

(62) (علقه البخاري في: صحيحه: 456/2)، و (وصله أبو داود: 1135، وابن ماجة: 1317، والحاكم: 295/1، والبيهقي: 282/3) وإسناده صحيح.

(63) (زاد المعاد: 1 / 442) .

دەنگن لەسەر سوود وەرگرتن لە فەرموودەكە هەرچەندە فەرموودەی وا نابێت بە بەڵگە، بەڵام كۆتایی كاتەكەی لاربوونەوەی خۆرە[64].

(أبو بكر الجزائری) دەفەرموێت: كاتی نوێژی هەردوو جەژن: لەبەرز بوونەوەی خۆر بەقەد (ڕمێك) هەتا لار بوونەوەی خۆرە، باشتر وایە نوێژی جەژنی قوربان لەسەرەتای كاتەكەوە بكرێت تا خەڵكی بتوانن قوربانی خۆیان بكەن، وەنوێژی جەژنی ڕەمەزان دوا بخرێت تاخەڵكی بتوانن سەرفترەی خۆیان دەربكەن[65].

ئاگاداركردنەوەیەك

ئەگەر لەكاتێكی درەنگدا زانرا كە جەژنە ئەوا نوێژی جەژن لەڕۆژی دواییدا دەكرێت (ابو داود)(157) و(النسائی)(180/3) و(ابن ماجە) (1653) بەسەنەدێكی (صحیح) بۆمان دەگێڕنەوە لە(ئەبی عەمەیری كوڕی ئەنەس)ەوە لەچەند مامێكیەوە كەهاوەڵی پێغەمبەر ﷺ بوون، شایەتیان داوە كەئەوان دوێنێ(مانگی یەك شەوەی شەوال) یان بینیوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێیان كرد كە ڕۆژو بشكێنن وئەگەر بەیانی هەستن بۆ نوێژگە (مصلی) بۆ نوێژی جەژن .

(64) (الموعظة الحسنة: 43 / 44).

(65) (منهاج المسلم: 278).

(13)

بانگ وقامەت نییە لە نوێژی هەردوو جەژندا

لە(جابری كوڕی سەمورە)ەوە ﷺ دەفەرموێت:

نوێژم كرد لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ هەردوو جەژن زیاتر لەجارێك و دووجار بەبێ بانگ وقامەت [66].

(ابن عباس وجابر) ﷺ: فەرموویانە:

لەجەژنی ڕەمەزان و قوربباندا بانگ نەدەدرا[67].

(ابن القیم) دەفەرموێت:

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر بگەیشتایەتە نوێژگە (مصلی) نوێژی دەكرد بەبێ بانگ وقامەت، وەنەیشووتراوە (الصلاة جامعة) سوننەت وایە هیچ لەمانە نەوترێت[68].

ئیمامی (صنعانی) قسە لەسەر ئەم فەرمودەیە دەكات ودەفەرموێت:

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەمانە دروست نین لەجەژنداو بیدعەن[69].

---

(66) (رواه مسلم: 887) و(ابوداود: 1148) و(الترمذی: 5 32).

(67) (البخاري: 960)، و(مسلم: 886).

(68) (زاد المعاد: 442/1).

(14)

چۆنێتی نوێژی جەژن

یەكەم:- دوو ڕكاتە، لەبەر ڕیوایەتی ئیمامی (عمر) ﷺ: نوێژی سەفەر دوو ڕكاتە ونوێژی قوربان دوو ڕكاتە ونوێژی جەژنی ڕەمەزان دوو ڕكاتە، تەواون بە بێ كورت كردنەوە لەسەر زمانی محمد ﷺ[70].

دووەم: - یەكەم ڕكات دەست پێ دەكرێت وەكو هەموو نوێژەكان بە الله اكبر(تكبيرة الإحرام) پاشان حەوت الله اكبر(تكبيرە)ی تێدا دەكرێت، لە ڕكاتی دووەمیشدا پێنج (تكبيرە)ی تێدا دەكرێت جگە لە(تكبيرە)ی دەرچوون بۆ ڕكوع وسجود وهەڵسانەوە .

لە خاتوو عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) كە پێغەمبەر ﷺ لەنوێژی جەژنی ڕەمەزان وقوربان حەوت (تكبيرە)ی كردووە لە ڕكاتی یەكەم و لە ڕكاتی دووەم پێنج (تكبيرە)ی دەكرد جگە لە (تكبيرە)كانی تر[71].

---

(69) (سبل السلام: 67/2).

(70) (النسائي: 183/3) و(البيهقي: 200/3) و(أحمد: 37/1) و(الطحاوي في: شرح معاني الآثار: 421/1) وسنده صحيح.

(71) (أبوداود: 1150) و(ابن ماجة: 1280) و(أحمد: 70/6) و(البيهقي: 287/3) وإسناده صحيح.

ئیمامی (البغوی) دەفەرموویت: ئەمە ووتەی زۆربەی زانایانە لە صەحابەو پاش ئەوانﷺ کە لە ڕکاتی یەکەم حەوت (تکبیرە) جگە لە(تکبیرە) ی دەست کردن بە نوێژ، وەلە ڕکاتی دووەم پێنج (تکبیرە) جگە لە (تکبیرە) ی هەستانی پێش خوێندنی فاتحە ئەمە گێڕدراوەتەوە لە (ئەبوبکرو عمرو علیﷺ..)[یعنی].

سێیەم: – بە(صەحیحی) نەهاتووە لە پێغەمبەرەوەﷺ کەوا دەست بەرز بکاتەوە لەگەڵ(تکبیرە) کانی جەژن[یعنی]، بەڵام (ئیبن القیم) دەفەرموویت: (ابن عمر) ﷺ لەگەڵ زۆر بەدوا گەڕانی بۆ سوننەت دەستی بەرز دەکردەوە لەگەڵ هەموو (تکبیرە) یەکدا[74] .

منیش دەڵێم: باشترین ڕێنمایی، ڕێنمایە وهیدایەتی پێغەمبەر ﷺ.

مامۆستامان (الألبانی)لە(تمام المنة 348)دەفەرموویت: لەگەڵ ئەوەی لە(عومەر) وکوڕەکەیەوەﷺ گێڕدراوەتەوە ئەمە ناکات بە سوننەت بەتایبەتی کەڕیوایەتی هەردووکیان لێرادە(صحیح) نییە.

ڕیوایەتی (عومەرﷺ (البیهقی)دەیگێڕێتەوە بە سەندێکی (ضعیف) (لاواز) ڕیوایەتی کوڕەکەیﷺ هێشتا نەم دۆزیوەتەوە ولەسەری ڕانەوەستاوم .

سوننەت وایە لە (تکبیرە) دا پێش خوێندنی فاتحە بێت، هەروەکو چۆن لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە (أبو داود: 1152)، و(ابن ماجة: 1278)، و(أحمد: 180/2) دەیگێڕنەوە لە (عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لەباپیرییەوە دەفەرموویت: پێغەمبەرﷺ لەنوێژی جەژن حەوت (تکبیرە) ی کرد لە ڕکاتی یەکەم پاشان فاتحەی خوێند پاشان الله اکبری کردو چووە ڕکوع پاشان چووە سجود پاشان هەستایەوە و پێنج (تکبیرە) ی کرد پاشان فاتحەی خوێند و الله اکبری کردو چووە ڕکوع و پاشان چووە سجود. کە ئەمە فەرموودەیەکی (حسن) ە، وە تەماشای: (إرواء الغلیل: 108/3-112) بکە.

وە پێچەوانەی ئەمە ڕاست ودروست نییە، هەروەکو چۆن زانای پایەبەرز ابن القیم لە: (زاد المعاد: 443/1-444) روونی کردۆتەوە.

(72) (شرح السنة: 309/4) وەتەماشای: (مجموع الفتاوی: 220/24-221) بکە.

(73) انظر لزاما: (إرواء الغلیل: 112/3-114).

(74) (زاد المعاد: 441/1) .

هەروەها مامۆستامان لە(أحكام الجنائز 148) دەربارەی شتێك كە نزیكە لەم حوكمەوە دەفەرموویت: هەركەسێك واگومان دەبات كە(عبدالله ی كوڕی عومەر)ﷺ ئەم شتەی نەكردووە لەخۆیەوە بەڵكو لە پێغەمبەریﷺ وەرگرتووە بۆی هەیە دەستی بەرز بكاتەوە .

چوارەم:- بە(صەحیح)ی نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ذكرێكی دیاری كراو لەنێوان (تكبیرە)كانی جەژن بەڵام جێگیر بوو بە سەندێكی (باش) لەڕیوایەتی (البیهقی) (291/3) لە(عبدالله‌ی كوڕی مسعود)ەوەﷺ كەوا دەربارەی نوێژی جەژن فەرموویەتی: لەنێوان هەردوو(تكبیرە)یەكدا حەمدو سوپاس و ستایشی خوای تێدایە.

(ابن القیم) دەفەرموویت: پێغەمبەر ﷺ بێ دەنگ دەبوو لەنێوان هەردوو (تكبیرە) دا و كەمێك دەوەستا، وەلێ نەگێڕدراوەتەوە ذكرێكی دیاری كراو بخوێنێت لە نێوان (تكبیرە) كاندا .

منیش دەڵیم: باشترین هیدایەت و ڕێنمایی، هیدایەتی پێغەمبەرە ﷺ.

پێنجەم:- كە(تكبیرە) كانی تەواو دەكرد دەستی بەخوێندنەوەی فاتیحە و پاشان ﴿ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾ [ق: 1] لەڕكاتێكدا دەخوێندو لەڕكاتەكەی تردا ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾ [القمر: 1] ی دەخوێند[75].

وە هەندێ جاریش ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ [الأعلى: 1] و﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ﴾ [الغاشية: 1] ی دەخوێند[76].

(ابن القیم) دەفەرموویت: هەردووكیان بە (صەحیح) ی هاتووە جگە لەو دووانە هیچی تر بە (صەحیح)ی نەهاتووە(یی) .

---

(75) (مسلم: 891) و(النسائي: 8413) ، و(الترمذي: 534)، و(ابن ماجة: 1282) عن ابن واقد الليثي ﷺ.

(76) (مسلم: 878)، و(الترمذي: 533)، و(ابن ماجة: 1281) من حديث النعمان بن بشير ﷺ.

شەشەم:- ئیتر هەموو شێوازەكانی تری وەكو نوێژەكانی تری وایە جیاوازی نی‌یە .

حەوتەم:- هەركەسێك فریای نوێژی جەژن نەكەوت بە جەماعەت ئەوا دوو ڕكات دەكات .

(ئیمامی البخاری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(باب اذا فاته العيد يصلي ركعتين)[79].

واتە: ئەگەر كەسێك فریای نوێژی جەژن نەكەوت دوو ڕكات دەكات .

(ابن الحجر) لە (الفتح 550/2) لەپاش ئەم (باب)ە دەفەرموێت: لەم (باب)ە دووحوكمی شەرعی هەیە:-

أ- دروستێتی كردنی نوێژی جەژن ئەگەر فەوتا بە جەماعەت ئیتر ئایا بە ئارەزووی خۆی نەهاتبێت یان عوزری هەبوو بێت.

ب- ئەگەر فریا نەكەوت خۆی دوو ڕكات دەكات.

(عطاء) دەفەرموویت: ئەگەر كەسێك نوێژی جەژنی فەوتا دوو ڕكات دەكات[80].

(ولي الله الدهلوي) دەفەرموێت: ئەمە مەزهەبی (شافعی)یە ئەگەر كەسێك نوێژی جەژنی فەوتا لەگەڵ ئیمامدا دوو ڕكات دەكات، هەتا پاداشتی نوێژی جەژنی دەست كەوێت، هەرچەندە پاداشتی جەماعەتی لەگەڵ ئیمامدا فەوتاوە.

بەڵام لەلای حەنەفی‌یەكان نوێژی جەژن ناكرێتەوە، ئەگەر لەگەڵ ئیمام فریا نەكەوت[81] .

---

(77) (زاد المعاد: 443/1)، وەهەندێك لە زانایان باسی حیكمەتیان كردووە لە خوێندنی ئەم سورەتانە، تەماشای قسەكانیان بكە لە: (شرح مسلم: 182/6)، و(نيل الأوطار: 297/3).

(78) (صحيح البخاري: 135/1،134- هندية) .

(79) (صحيح البخاري: 135/1،134- هندية).

(80) (شرح تراجم أبواب البخاري: 80)، وەتەماشای: (المجموع: 27/5-29) بكە .

(ئیمامی مالك) لە (الموطأ- 592 بروایة أبي مصعب) دەفەرموویت: هەر کەسێك بۆ خۆی نوێژی جەژنی کرد پیاو یان ژن، من وائەبینم کە لە ڕکاتی یەکەمدا حەوت (تکبیرە)لەپێش فاتحەو لە ڕکاتی دووەمدا پێنج (تکبیرە) لە پێش خوێندنی (فاتحە)دەکات، ئەوەیشی دوادەکەوێت لە نوێژی جەژن ئەوەندەی فریا نەکەوتووە وەکو نوێژەکانی تر دەیکاتەوە[81].

هەشتەم:- (تکبیرە)کردن سوننەتە و وازلێ هێنانی ونەکردنی نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە ئیتر ئایا بە عەمدی بێ یان بە هەڵە، بەڵام ئەوەی نەیکات بێ گومان پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرەﷺ.

(15)

ووتار خوێندنەوە لە پاش نوێژە

سوننەت وایە لە نوێژی جەژندا ووتار لە پاش نوێژ بێت، (ئیمامی بخاری) لە(صەحیح)ەکەیدا بابێکی بۆ داناوە بەناوی: (باب الخطبة بعد العيد)[82].

واتە: ووتار خوێندنەوە لەپاش نوێژی جەژنە.

(ابن عباس)ؓ فەرموویەتی: ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەرﷺ و(أبو بكرو عمر وعثمان) ؓ هەمویان نوێژیان دەکرد پێش ووتار خوێندنەوە[83].

لە ابن(عمر)ەوەؓ کەوا پێغەمبەر ﷺو(أبو بكرو عمر)ؓ نوێژی جەژنیان دەکرد لەپێش ووتار خوێندنەوە[84].

(ولي الله الدهلوي) قسە دەکات لەسەر بابەکەی (ئیمامی البخاری) و دەفەرموویت[85]: واتە سوننەتی پێغەمبەرﷺ و ئیش پێ کراوی جێ نشینە باشەکانی (الخلفاء الراشيدين) ؓ ئەمە بووە، وەپاشان ئەو گۆڕانکاریەی

---

(81) (المغني: 212/2) .

(82) (كتاب العيدين باب رقم(8)، وەتەماشای (فتح الباري: 453/2) بکە.

(83) (البخاري: 962) و(مسلم: 884) و(أحمد: 331/1-346).

(84) (البخاري: 963)و(مسلم: 888)و(الترمذي: 531) و(النسائي:183/2).

(85) (شرح تراجم أبواب البخاري: 79) .

بەسەردا هاتووە، وە پێش خستنی ووتار بەسەر نوێژەکەدا وەکو جومعە ئەمە بیدعەیە ولە(مەروان)ەوە سەری هەڵداوە.

(ئیمامی الترمذي) [86] دەفەرموویت: کار کردن لەسەر ئەم شتەیە لەلایەن زانایان لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ و جگە لەوانیش: کەوا نوێژی جەژن پێش وتارە، وە ووتراوە یەکەم کەس کە ووتاری دا پێش نوێژ (مەروانی کوڕی الحکم) بووبەتی.

(16)

وتار خوێندنەوەو ئامادەبوونی خەڵکی بەئارەزووی خۆیان

لە (أبی سعید الخدری رضی الله عنه) فەرموویەتی:

پێغەمبەرﷺ ڕۆژی جەژنی قوربان دەردەچوو بۆ نوێژگە (مصلی) یەکەم شت دەستی پێ دەکرد نوێژ کردن بوو پاشان دەڕۆی بەرامبەر خەڵکی ڕادەوەستا و خەڵکی دانیشتبوون لەسەر پۆلی خۆیان و ئامۆژگاریانی دەکرد و فەرمانی پێ یان دەکرد[88].

وتاری جەژن وەکو هەموو وتارەکانی ترە، دەست پێ دەکرێت بە حەمد و سوپاس و ستایشی خوای گەورە .

(إبن القیم) دەفەرموویت:

پێغەمبەرﷺ هەموو وتارەکانی بە(الحمد لله) دەست پێ دەکرد تەنها فەرموودەیەکیشی لێ نەگێڕدراوەتەوە کەوا وتاری جەژن بە (الله أکبر) دەست پێ بکات .

---

(86) في (سننه: 2/ 411) .

(87) وانظر كتاب: (الأم: 1/ 235-236 للإمام الشافعي)، و(عارضة الأحوذي: 3/3-6 للقاضي ابن العربي المالكي).

(88) (البخاري: 956) و(مسلم: 889) و(النسائي: 3/ 178) و(البيهقي: 3/ 280) .

بەڵكو (ابن ماجة)[89] لە سوننەكەیدا دەیگێڕێتەوە كە (سعد القرظ) بانگدەری پێغەمبەر ﷺ زۆر ألله أكبری دەكرد لەناو وتارەكەی دا وە زۆر الله أكبری دەكرد لەناو وتاری هەردوو جەژن، ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ وتارەكەی بە الله اكبر دەست پێ دەكرد[90] .

هەروەها بە (صەحیحی) نەهاتووە لە سوننەتدا كەوا وتاری جەژن دوو وتاربێت و لەنێوانیاندا دابنیشرێت، بەڵكو ئەوەی لەم بارەوە هاتووە فەرمودەیەكی زۆر لاوازە (ضعیف) ە، (البزار) لە (المسند رقم 53 مسند سعد) عن (شیخه عبدالله بن شبیب بسنده عن سعد رضی الله عنه) كەوا پێغەمبەر ﷺ دوو وتاری دەدا لە نێوانیاندا دادەنیشت، دەربارەی (عبدالله كوڕی شیب) (بوخاری) دەفەرموێت: (منكر الحدیث) بۆیە وتاری جەژن بەیەك وتار دەمێنێتەوە لە بنچینەدا، وە ئامادە بوونی وەكو نوێژەكە واجب نییە لە (عبدالله كوڕی سائب) ەوە رضی الله عنه دەفەرموێت:

ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ كاتێ نوێژ تەواو بوو فەرمووی:

(إنا نخطب، فمن أحبَّ أن یجلس لخطبة فلیجلس، ومن أحبَّ أن یذهب فلیذهب)[تعلیق].

واتە: ئێمە وتار دەدەین ئەوەی پێی خۆشە بۆ وتارەكە دابنیشێت با دابنیشێت وە ئەوەی پێی خۆشە بڕوات با بڕوات.

(ئیبن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت[92]:

پێغەمبەر ﷺ روخسەتی داوە بۆ كەسێك ئامادەی جەژن بێت دابنیشێت یان بڕوات .

---

(89) (برقم: 1287) وإسناده ضعیف .

(90) (زاد المعاد: 1 / 447 . 448) .

(91) (أبو داود: 1155)، و(النسائی: 3 / 185)، و(ابن ماجة: 1290)، و(الحاكم: 295/1)، وإسناده صحیح .

(92) (زاد المعاد: 1 / 448)، وانظر: (مجموع فتاوی شیخ الإسلام: 214/24). .

(17)

كۆبونەوەی جومعەو جەژن لەیەك ڕۆژدا

(أبو داود: 1070) و(النسائي: 3 /694) و(ابن ماجة: 1310) و(ابن خزيمة: 1464) و(الدارمي: 1620) و(أحمد: 4 / 372) لە (ایاسی كوڕی باوكی ڕەملەی شامی) ەوە دەگێڕنەوە دەفەرموێت:

(معاویەی كوڕی أبی سفیان) م ﷺ بینی پرسیاری لە (زەیدی كوڕی أرقم)ﷺ دەكرد دەیفەرموو:

ئایا لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بینیوتە دوو جەژن كۆببێتەوە لەیەك ڕۆژدا؟

فەرمووی: بەڵێ .

فەرمووی: چی كردووە؟ فەرمووی: نوێژی جەژنی كردووە پاشان ڕوخسەتی داوە بۆ نوێژی جومعە وفەرموویەتی:

(من شاء أن يصلي فليصلِّ)(93).

واتە: ئەوەی ویستی لێیە نوێژ بكات با بیكات.

---

(93) وقد صحح الحديث الإمام علي بن المديني كما في: (التلخيص الحبير: 2/ 94).

وە لە (أبی هورەیرە) ﷺ وجگە لەویشەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەم جۆرە گێڕدراوەتەوە .

وە هاوەڵانیش ﷺ ئیشیان بەوە كردووە، (عبدالرزاق) لە (المصنف: 3 /305) و (ابن شيبة)لە (المصنف: 2 /187) بە سەنەدێكی (صەحیح) لە ئیمامی عەلییەوە ﷺ دەیگێڕنەوە كەوا دوو جەژن كۆبوونەوە لە یەك ڕۆژدا فەرمووی: ئەوەی دەیەوێ نوێژی جومعە بكات با بیكات و ئەوەی دەیەوێت دابنیشێت با دابنیشێت .

وە لە (صحيح البخاري: 5251) لە (عثماني كوڕی عفان) ەوە ﷺ بەم شێوەیە هاتووە .

وەلە (سنن أبی داود: 1072) و(مصنف عبدالرزاق رقم: 5725 بسند صحيح) (عن ابن الزبير) كەوا فەرموویەتی:

دوو جەژن كۆبوونەوە لەیەك ڕۆژدا كۆیانی كردەوە و كردیانی بە یەك، ڕۆژی جومعە لە بەیانییەكەی دا تەنها دوو ڕكاتی جەژنی ڕەمەزانی كرد هیچی تری نەكرد هەتا عەسر.

(ئیمامی الشوكانی) لە (نيل الأوطار 3/ 348) پاش ئەم ڕیوایەتە دەفەرموێت:

ئاشكراكەی وایە كەوا نوێژی نیوەڕۆی نەكردووە، وەلەم فەرمودەیەدا ئەوەی تیادایە كەوا ئەگەر نوێژی جومعە لادرا بە شێوەیەك لە شێوازە دروستەكان واجب نییە لەسەر ئەو كەسەی كە لە سەری لاچووە نوێژی نیوەڕۆ بكات، وە (عطاء) یش وای بۆ چووە .

وەئاشكرایە كەوا دەوترێت نوێژی جومعە ئەصل و بنچینەیە وە تۆ دەزانیت ئەوەی كە خوای گەورە فەرزی كردووە لەسەر بەندەكانی لە ڕۆژی جومعەدا بریتییە لە نوێژی جومعە، واجب كردنی نوێژی نیوەڕۆ لەسەر كەسێك كە

نوێژی جومعەی واز لێ هێنا بێت لەبەر عوزرێك یان بەبێ عوزر پێویستی بە بەڵگە هەیە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە کەدەستی پێوە بگرین ئەوەی من بزانم.

(18)

پیرۆزبایی کردنی جەژن

پرسیار کرا لە (شيخ الاسلام) (إبن تيمية) دەربارەی پیرۆزبایی لە جەژندا فەرمووی[94]:

پیرۆزبایی کردن لە ڕۆژی جەژندا بەوەی هەندێك بەهەندێکی تر بڵێن کە بەیەك دەگەن لە دوای نوێژەکە: (تقبل الله منا ومنك).

واتە: خوای گەورە لەئێمەو و ئێوەیشی وەربگرێت، یان بڵێن خوای گەورە بیگێڕێتەوە، وەکو ئەمانە ئەمە لە کۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە ﷺ گێڕدراونەتەوە کە ووتویانە، وە ئیمامی مەزهەبەکانیش ڕێگەیان پێ داوە وەکو ئەحمەد وجگە لەویش، بەڵام ئەحمەد دەفەرموویت: من بەکەس ناڵێم ئەگەر کەسێکیش پێم بڵێ وەڵامی دەدەمەوە، چونکە وەڵام دانەوەی سەلام واجبە، بەڵام دەست

(94) (مجموع الفتاوى: 24 / 2534) .

پێ كردنی پیرۆزبایی لە سوننەت دا فەرمانی پێ نەكراوە، ئەوەی دەیكات پێشەوای هەیە و ئەوەی نایكات پێشەوای هەیە (والله أعلم)[95] .

(إبنُ الحَجَر) دەفەرموێت[96]:

بۆمان گێڕدراوەتەوەلە (المحامليات) بسند حسن عن (جبير بن نفير) كە فەرموویەتی: هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ئەگەر لە ڕۆژی جەژن بەیەك بگەیشتنایە بە یەكتریان دەوت: (تقبل الله منا ومنكم).

واتە: خوای گەورە لە ئێمەو ئێوەیشی قەبوڵ بكات.

(إبن قدامة) لە (المغني: 2/ 259) دەڵێت: كە (محمد كوڕی زیاد) فەرموویەتی:

لەگەڵ (أبی أمامەی الباهلی ﷺ و جگە لەویش بوومە لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ كە بگەڕانایەتەوە لە نویژی جەژن بەیەكتریان دەوت: (تقبل الله منا ومنكم).

(ئیمامی ئەحمەد) دەفەرموێت:

إسنادی فەرموودەكەی (أبي أمامة)ﷺ باشە (جيد) ە[97].

بەڵام وتەی زۆربەی خەڵكی كە بەیەكتری دەڵێن: (كل عام وأنتم بخير)

واتە: هەموو ساڵێك بە خۆشی بەرنە سەر یان لە خۆشی دا بن و وێنەی ئەمانە وەرناگیرێن وڕەت دەكرێنەوە!! بەڵكو ئەمە لەو بابەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت:

---

(95) وە الجلال السيوطي لە ناميلكەكەیدا: (وصول الأماني بأصول التهاني) شوێنەواری لە زیاتر لە یەكێك لە زانایانی سەلەفەوە هێناوە كە باسی پیرۆزبایی كردنی تێدایە، وەچاپ كراوە لەناو: (الحاوي للفتاوی: 81/1) بگەڕێرەوە سەری، هەروەها تەماشای پەرتوكی: (المصنوع في معرفة الحديث الموضوع ی علي القاري: 85) وتەعلیقی موحەقیقەكەی بكە.

(96) (فتح الباري: 2 / 446) .

(97) وە بڕوانە: (الجوهر النقي: 3 / 320) وە السيوطي لە: (الحاوي: 1 / 81) دەفەرموێت: (إسناده حسن) .

﴿أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ﴾ [البقرة: 61] .

واتە: ئایا ئەوەی کە باشترە دەیگۆڕنەوە بەوەی کە کەمترە؟.

(19)

قوربانی کردن

مەڕێکە (ئاژەڵێکە) سەر دەبڕدرێت لە دوای نویژی جەژنی قوربان بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە خوای گەورە کە دەفەرموویت:

﴿ قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، لاَ شَرِيكَ لَهُ﴾ [الأنعام: 162].

واتە: ئەی محمد ﷺ بڵێ بەڕاستی نوێژ کردن و قوربانی کردن و ژیان و مردنی من تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیانە کە بەبێ هاوبەش و هاوەڵە .

(نُسُك): لێرەدا بەمانای سەربڕین دێت بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە[98] .

زانایان جیاوازییان هەیە لەسەر حوکمی قوربانی کردن ئایا واجبە یان سوننەت، ئەوەی ڕاست بێت لە بەڵگە جیاوازەکان ئەوەیە کە واجبە .

بەڵگەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن واجبە:

---

(98) تەماشای: (منهاج المسلم: 355 - 356) بکە .

یەكەم: لە (أبی هورەیرەوە) رضي الله عنه فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:
(من كان له سعة ولم يضح فلا يقربَنَّ مصلانا) [99].

واتە: هەر كەسێك توانای هەبێت و قوربانی نەكات با نزیك نوێژگەكەمان (مصلی) كەمان نەكەوێت.

شێوەی بەڵگە هێنانەوە لەم فەرموودەیە ئەوەیە كاتێك پێغەمبەر ﷺ بەرهەڵستی كرد لەوەی كەسێك كە توانای قوربانی هەبێت و قوربانی نەكات بەوەی كەوا نزیك نوێژگەكەمان (مصلی) كەمان نەكەوێت و نەیات بۆ نوێژی جەژن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە واجبێكی واز لێ هێناوە، وەكو بڵێ سوودی نییە خۆ نزیك كردنەوە لە خوای گەورە لەگەڵ وازلێهێنانی ئەم واجبە.

دووەم: لە (جوندوبی كوڕی عبدالله بەجەلی) ەوە رضي الله عنه فەرمویەتی: پێغەمبەرم ﷺ بینی لەڕۆژی جەژنی قوربان دا فەرمووی:
(من ذبح قبل أن يصلي فليُعد مكانها أخرى، ومن لم يذبح فليذبح) [100].

واتە: هەر كەسێك قوربانی كردووە پێش ئەوەی نوێژی جەژن بكات با لە جیاتی ئەو قوربانییە قوربانییەكی تر بكات، وەئەوەشی نەیكردووە با بیكات.

فەرمانی پێغەمبەریش ﷺ ئاشكرایە كەبۆ واجبە و هیچ فەرموودەیەكی تر نەهاتووە لەو واجبەوە فەرمانەكە بگۆڕێت بۆ سوننەت .

سێهەم: لە (میخنەفی كوڕی سولەیم) ەوە رضي الله عنه كەوا پێغەمبەر ﷺ ی دیوە وتاری دەدا لە ڕۆژی عەرەفەداو فەرموویەتی:
(على أهل كل بيت في كل عام أضحية وعتيرة، أتدرون ما العتيرة؟ هذه التي يقول عنها الناس: رجبية).

---

(99) (أحمد: 321/1) ، و(ابن ماجة: 3123)، و(الدارقطني: 4/ 277) وسنده حسن .

(100) (البخاري: 5562)، و(مسلم: 1960)، و(النسائي: 7 /224)، و(ابن ماجة: 3152) .

واتە: لەسەر خەڵکی هەموو ماڵێك پێویستە لە هەموو ساڵێکدا قوربانییەك و عەتیرەیەك[101] بکەن، ئایا ئەزانن عەتیرە چییە؟ ئەوەیە کەخەڵکی پێی دەڵێن (ڕەجەبیە)[102] .

ئەم فەرموودەیەش فەرمانی تیادایە بەواجب بوونی، بەڵام (عەتیرە) نەسخ بۆتەوە و ئیشی پێ ناکرێت، وەنەسخ بوونەوەی (عەتیرە) نابێتە هۆی نەسخ بوونەوەی قوربانی، بەڵکو قوربانی ماوەتەوە لەسەر بنچینەی خۆی.

(إبن الاثير) فەرموویەتی: عەتیدە نەسخ بووەتەوە بەڵکو لەسەرەتای ئیسلام دا هەبووە و پاشان ئیشی پێ نەکراوە[103] بەڵام ئەوانەی پێچەوانەی ئەوەن کە قوربانی کردن واجبە گەورەترین شوبهەیان کە قوربانی کردن سوننەتە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێت:

(إذا دخل العشر، فأراد أحدكم أن يضحي فلا يمس من شعره، ولا من بشره شيئا)[104].

واتە: ئەگەر مانگ بووە دە ڕۆژ،[105] یەکێك لە ئێوە ویستی قوربانی بکات با دەست لە تووکەکەی (مووەکەی وپێستەکەی) نەدات.

---

(101) أبو عبيد له (غريب الحديث: 1/ 195) دەفەرموێت: قوربانییەك بووە لە ڕەجەبدا دەکرا، خەڵکی سەردەمی نەفامی خۆیان پێ نزیك دەکردەوە لە خوا، پاشان ئیسلام هات و بەو شێوەیەك مایەوەو، هەتا دوایی نەسخ کرایەوە ونەما .

(102) (أحمد: 4 /215)، و(ابن ماجة: 3125)، و(أبو داود: 2788) وقواه الحافظ في: (الفتح: 10 / 4) .

(103) (جامع الأصول: 3 /317) وە بڕوانە: (الأدلة المطمئنة على ثبوت النسخ في الكتاب والسنة) (103 - 105) و (المغني: 8 / 650 . 651) .

(104) (مسلم: 1977)، و(أبو داود: 2791)، و(النسائي: 7 / 211 و 212) . و(البغوي: 1127) وابن ماجة: 3149) و(البيهقي: 9 / 266) و(أحمد: 6 / 289) و (6 / 301 و 311) و(الحاكم: 4 / 220) و(الطحاوي في: شرح معاني الآثار: 4/ 181) لەچەند ڕێگایەکەوە لە (أم سلمه) وە (ڕەزای خوای لێ بێت) .

(105) دە ڕۆژی سەرەتای مانگی (ذي الحجة) یە.

دەڵێن[106]: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قوربانی كردن واجب نییە چونكە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(ئەگەر كەسێك ویستی لێ بێت) ئەگەر واجب بوایە ویستەكەی نەدەگەڕاندەوە بۆ ئەو كەسە .

(شیخ الاسلام) (إبن تیمیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پاش ئەوەی ئەوە بەڕاست دادەنێت كە قوربانی كردن واجبە وەڵامی ئەم شوبهەیە دەداتەوەو دەفەرموێت[107]:

ئەوانەی نەفی واجب بوونی قوربانی كردن دەكەن بەڵگەیان پێ نییە، پاڵپشت و كۆڵەگەیان تەنها ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ كە دەفەرموێت:

(هەر كەسێك ویستی قوربانی بكات .....) دەڵێن واجب پەیوەست ناكرێت بە ویستەوە ئەمە قسەیەكی كورتە، بەڕاستی واجب نادرێتە دەستی بەندەو بوترێت: ئەگەر ویستت لێ بوو ئەوا بیكە، بەڵكو واجب پەیوەست دەكرێت بەمەرجەوە بۆ ڕوونكردنەوەی حوكمێك لە حوكمەكان وەكو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ .. ﴾ [المائدة : 6] .

وایان داناوە: ئەگەر ویستان هەڵسن، وە وایان داناوە ئەگەر ویستت قورئان بخوێنیت پەنا بگرە بە خوا، دەست نوێژ واجبە، قورئان خوێندنیش لە نوێژدا واجبە، وەدەفەرموێت:

[إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ، لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ] [التكوير: 27] .

ویستنی (إستقامە) واجبە، پاشان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت[تی بڕی]: هەروەها واجب نییە لەسەر هەموو كەسێ قوربانی بكات

---

(106) (المجموع: 8 / 301) و(مغني المحتاج: 4 / 282) و(شرح السنة: 4 / 348) و(المحلى: 8 / 3) .

(107) (مجموع الفتاوى: 23 / 162 – 164) .

بەڵكو واجبە لەسەر ئەو كەسەی كە توانای هەبێت، ئەوەی دەیەوێت قوربانی بكات وەكو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: هەر كەسێك دەیەوێت حەج بكات با پەلە بكات، چونكە لەوانەیە شت ون ببێت و پێویستی بێتە پێشەوە[109] وە حەجیش واجبە لەسەر كەسێك توانای هەبێت، وە دەفەرموێت: هەركەسێك دەیەوێت قوربانی بكات وەكو ئەوە وایە دەفەرموێت: هەركەسێك دەیەوێت حەج بكات وە (ئیمامی العینی)[110] وەڵامی ئەو بەڵگەیەی پێشتریان دەداتەوە و لە ڕوون كردنەوەی وتەی خاوەن (الهداية)[111] كە دەفەرموێت: مەبەست لە ویست وەكو گێڕدراوەتەوە (والله أعلم) بریتییە لە پێچەوانەی هەڵەو لێ تێكچون نەك هەڵبژاردن، (ئیمامی العینی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: واتە: مەبەست هەڵبژاردن نییە لە نێوان كردن و واز لێ هێنانی، وای لێ دێت، وەكو بڵێیت: ئەوەی نیەتی هەیە لە ئێوە قوربانی بكات .

ئەمەش بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی كە واجب نەبێت وەكو دەفەرموێت: ئەوەی دەیەوێت نوێژ بكات با دەست نوێژ بگرێت، وە دەفەرموێت ئەوەی ویستی جومعەی هەیە با غوسل دەربكات[112] واتە: كەسێك نیەتی هەبێت نەك هەڵیبژێرێت، ئەمەیش هەمان شێوەیە وە بەڵگە هێنانەوەی ئەو كەسانەی كە دەڵێن قوربانی كردن واجب نییە بە قوربانی كردنی پێغەمبەر ﷺ لە جیاتی

---

(108) سەرچاوەی پێشوو

(109) (أحمد: 1/ 214 و323 و 355)، و(ابن ماجة: 3883) وە سەنەدەكەی (حسن)ە، تەماشای: (ارواء الغليل: 4 / 168 . 169) بكە .

(110) (البناية في شرح الهداية: 9 / 106 . 114) .

(111) هو كتاب (الهداية شرح البداية) في فقه الحنفية، وهو من الكتب السائرة في المذهب، كما في: (كشف الظنون: 2/ 2031- 2040) وهو من تصنيف الإمام علي بن أبي بكر المرغيناني المتوفى سنة(593 هـ) ترجمته في: (الفوائد البهية: 141 للكنوي).

(112) بەم لە فظە (مسلم: 844) ڕیوایەتی كردووە لە إبن عومەرەوە ﷺ، وە هەروەها لەوەوە ڕیوایەت كراوە بە لە فظێكی تر لەلای بوخاری بە ژمارە (877) و (894) و (919) .

ئوممەتەكەی وەكو لە (سنن أبي داود 2810) و (سنن الترمذي 1574) و (مسند أحمد 3 / 356) بەسەنەدێكی (صەحیح) لە (جابر)ەوە ﷺ ئەمە بەڵگەیەكی تەواو و ڕاوستاو نییە، ئەم فەرموودەیە بۆ كەسێكە كە توانای نەبێت –بە كۆكردنەوەی هەموو بەڵگەكان– لە ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ .

وە هەر كەسێكیش توانای قوربانی كردنی نەبێت حوكمی واجب بوونی لەسەر لادەچێت لە بنچینەدا (والله أعلم) .

(20)

حوكمەكانی قوربانی كردن

چەند حوكمێك هەیە پەیوەندی یان هەیە بە قوربانی كردنەوە، موسڵمان شایانی ئەوەیە بیانزانێت بۆ ئەوەی زانیاری هەبێت لە پەرستنەكەیدا وە لەسەر چاوڕۆشنایی بێت لە ئیشەكەیدا، كورتی دەكەمەوە بەم شێوەیە إن شاء الله:

یەكەم: پێغەمبەر ﷺ قوربانی دەكرد بە دوو بەران، وە سەریانی دەبڕی لە پاش نوێژی جەژن، وە پێمانی ڕاگەیاندووە كەوا:

(من ذبح قبل الصلاة فليس من النسك في شيء،وإنما هو لحم قدمه لأهله)[113].

(113) (البخاري: 5560) و (مسلم: 1961) عن البراء بن عازب رضي الله عنه .

واتە: هەر کەسێك پێش نوێژی جەژن ئاژەڵەکەی سەربڕێت ئەوا قوربانی نییە بەڵکو گۆشتێکە داوێتی بەماڵ و خێزانی .

دووەم: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەهاوەڵانی دەکرد رضی الله عنهم با مەڕێك بێت کە ساڵێکی تەواو کردبێت، وە ئەگەر وشترێك بوو ئەوا با پێنج ساڵی تەواو کردبێت، وە ئەگەر مانگاو بزن بێت بوو با دوو ساڵی تەواو کردبێت چووبێتە ناو ساڵی سێیەمەوە[114].

لە (موجاشعی کوڕی مەسعود)ەوە رضی الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی:

(إنَّ الجذع من الضأن يوفي ما يوفي منه الثني من المعز)[115].

واتە: مەڕێك ساڵێکی تەواو کردبێت وەکو بزنێك وایە دوو ساڵی تەواو کردبێتواتە: لە خێرەکەیدا .

سێهەم: دروستە قوربانی کردنەکە دوا بخرێت بۆ ڕۆژی دووەم و سێیەم لە پاش جەژن، چونکە جێگر بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کەوا فەرموویەتی:

(كل أيام التشريق ذبح)[116].

واتە: هەموو ڕۆژەکانی (التشريق)[117] قوربانییە .

(إبن قيم) دەفەرموێت: ئەمە مەزهەبی (احمد و مالك و أبو حنيفەيە) رضی الله عنهم (ئیمامی ئەحمەد) دەفەرموێت: وەئەمە وتەی زیاتر لە کەسێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و (الأثرم) لە (إبن عمر و إبن عباس) ەوە رضی الله عنهم گێڕاوێتێوە[118].

---

(114) تەماشای: زاد المعاد: 2/ 317) بکە .

(115) (صحيح الجامع: 1592)، وە بڕوانە: (سلسلة الاحاديث الصحيحة: 1/87 ـ 95) .

(116) (أحمد: 4/ 8) و(البيهقي: 5/ 295) و(ابن حبان: 3854)، و(ابن عدي في: الكامل: 1118/3)، وفيه انقطاع، وله شاهد عند ابن عدي في: (الكامل) عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه بسند فيه ضعيف، فالحديث حسن إن شاء الله، وانظر: (نصب الراية: 61/3) .

(117) (11 ، 12 ، 13) ي (ذي الحجة)، پێی دەوترێت (التشريق) چونکە گۆشتیان هەڵدەگرت لەبەر خۆر .

(118) (زاد المعاد: 2/ 219) .

چـوارەم: لـە ڕینماییـەكانی پێغەمبـەر ﷺ وایـە كـەوا: كەسێك ئەگـەر بیـەوێت قوربانی بكات و بچێتە ناو یەكـەم ڕۆژ لـە (دە) ڕۆژەكـەی (ذي الحجة) هیچ لـە تووك و پێستی ناكاتەوە، وە قەدەغە كردنی ئەم شتەش جێگیر بووە[119] .

(ئیمامی النووي) لە (شرح مسلم: 13 /139) دەفەرموویت:

مەبەست لـە قەدەغـە كردنەكـە كردنـی نینـۆك و مـوو، قەدەغـە كردنـە لـەكردنی نینۆك و شكاندنی یان بە هەر شێوازێكی تر بێت .

وە ڕێگـرتن لـە لابردنـی مووەكـە بەتاشـین بێـت یـان كـورت كردنـەوە بێـت یـان هەڵكێشان بێت یان سوتاندنی بێت یان لادانی بـە هـەر ئامێرێكی تـر بێت، وە ئایا مووی بن باڵ بێت یان سمێڵ بێت یان (عانە) بێت یان سـەر بێـت یـان هـەر موویەكی تری لاشە بێت .

(إبن قدامة) لە (المغني: 96/11) دا دەفەرموویت: ئەگەر یەكێك لەمانـەی كـرد پاشان داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە كرد هیچ فیدیـەی لەسـەر نییـە بـە تێكڕاو یـەك دەنگی زانایـان ئیتر بەعەمدی كردبێتی یـان لـە بیری چوبێتەوە، منیش دەڵێم: ئەمە ئاماژەیەكە لە (إبن قدامة) ەوە (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) لەسەر حەرام كردنی ئەو شتانەی پێشوو، وە ڕێ لـێ گـرتنی بەیـەكجاری، كـە ئەمیش ئاشكرایە لە بنچینەی قەدەغە كردنی پێغەمبەر ﷺ .

پێنجـەم: پێغەمبـەر ﷺ ئاژەڵێكی هـەڵ دەبـژارد بـۆ قوربـانی كـردن كـە سـاغ و سەلامەت بوایـە لـە هـەموو كـەم و كورتییـەك وە بـە باشـی دادەنـا، وە قەدەغـەی دەكـرد كـەوا ئـاژەڵی گـوێ بـڕاو یـان شـاخ شـكاو[120] بكرێـت بـە قوربـانی، وە فەرمانی كردووە تەماشای ساغی ئەو ئاژەڵە بكرێت كە دەكرێت بە قوربانی .

---

(119) (مسلم: 1977) و(أبو داود: 2791) و(النسائي: 7 / 211 و 212) .

(120) (رواه أحمد: 1/ 83 و 127 و 129 و 150) و (أبو داود: 2805) و(الترمذي: 1504) و (النسائي: 7/ 217) و(ابن ماجة: 3145) و(الحاكم: 4/ 224) عن علي ﷺ بإسناد حسن.

وە ئاژەڵێك چاوی کوێر بێت نەکرێت بە قوربانی، وەنابێت پێشەوەی یان پاشەوەی گوێی بڕا بێت، ئەمانە هەمووی قەدەغە کراوە کە بکرێت بە قوربانی(ترمزی).

بەڵام بەرانێك کە خەسێنرا بێت دروستە بکرێت بە قوربانی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بەم شێوەیە هاتووە کە(أبو يعلى: 1792) و (البيهقي: 9/ 268) بەسەندێك گێڕاویانەتەوە کە (الهيثمي) لە (مجمع الزوائد 4 /22) بە (حسن) ی داناوە .

شەشەم: پێغەمبەر ﷺ قوربانی دەکرد لە نوێژگەکەیدا(مصلی) کەیدا(122).

حەوتەم: لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ وابووە کەوا ئاژەڵێك دەکرێتە قوربانی لە جیاتی ئەو کەسە خۆی و خێزانی و منداڵەکانی، هەر چەندە ژمارەیان زۆر بێت، هەروەکو چۆن (عطاءی کوڕی یسار)(123) دەفەرموێت:

پرسیارم کرد لە (أبو أيوب الأنصاري)رضي الله عنه : قوربانی کردن چۆن بووە لە کاتی پێغەمبەر ﷺ ؟

فەرمووی: پیاوێك ئاژەڵێکی دەکرد بە قوربانی بۆ خۆی و خێزانی و منداڵی، وە لێشیان دەخوارد(شمیرتی).

هەشتەم: سوننەتە (بسم الله وألله أكبر) بکرێت لەکاتی سەربڕیندا لە (أنس) ەوە رضي الله عنه جێگیر بووە کەوا پێغەمبەر ﷺ دوو بەرانی شاخدرای ڕەنگ سپی کە ڕەنگی ڕەشی تێدا بوو کردە قوربانی، بەدەستی خۆی سەری بڕی و(بسم الله و ألله أكبر) ی کرد پێی خستە سەر تەنیشتەکانی(ئیرتی).

---

(121)(أبو داود: 2804)، و(الترمذي: 4198)، و(ابن ماجة: 3143) بإسناد حسن من حديث علي رضي الله عنه .

(122) (البخاري: 5552) و(النسائي: 7 / 213) و(ابن ماجة: 3161) عن أبن عمر رضي الله عنه .

(123) لەسالی (103ك) مردووە، ژیانی لە (تهذيب التهذيب، 2 / 217) دا باسکراوە .

(124) (الترمذي: 1505) و(مالك: 2/ 37) و(ابن ماجة: 3147)، وإسناده حسن .

(125) (البخاري:(5558 و 5564 و 5565) و (مسلم: 1966) .

نۆیەم: باشترین قوربانی ئەوەیە کە بەرانێکی نێری شاخداری سپی بێت کە ڕەشی تێکەڵ بوو بێت لەناوچەوان و پێیەکانی، ئەمە ئەو وەصفەیە کە پێغەمبەر ﷺ پێی خۆش بووە و قوربانی پێ کردووە[126].

دەیەم: واسوننەتە کە موسڵمان خۆی قوربانی خۆی سەر ببڕێت ئەگەر لە جیاتی خۆی یەکێکی تری دانا ئەوا دەبێت بەبێ شەرمەزاری .

یانزەهەم: سوننەتە ئەو ماڵەی کە قوربانی دەکەن خۆیان لێی بخۆن و لێی ببەخشن و بیکەن بەدیاری و خێری لێ بکەن، وە دروستە لێیشی هەڵبگرن، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:

(كلوا وادَّخروا وتصدقوا)[127].

واتە: لێی بخۆن و لێی هەڵبگرن و خێری لێ بکەن).

دوانزەهەم: بە حەوت کەس دەتوانن وشترێك بکەن بەقوربانی بە هاوبەشی بەهەمان شێوەش مانگایەکیش بە هاوبەشی حەوت کەس دەبێت . مسلم لە (صحيح) هەکەیدا (350) لە (جابر) هوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: لە (حودەیبیە) وشترێکمان بە هاوبەشی حەوت کەس دەکرد بە قوربانی و مانگایەکیش بە هاوبەشی حەوت کەس .

سیانزەهەم: قەساب کرێی سەربڕینەکەی لە قوربانییەکە پێ نادرێت، جێگیر بووە لە (ئیمامی عەلی) هوە ﷺ کە فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێم کرد کە سەرپەرشتی وشترەکانی بکەم و گۆشت و پێست و جلەکەی لەسەری دانرابوو بکەم بەخێر، بەڵام کرێی قەسابەکە لە قوربانییەکە نەدەم، وە فەرمووی ئێمە لە هی خۆمان دەیدەینێ[128].

---

(126) (مسلم: 1967) و (أبو داود: 2792) عن عائشة (رضي الله عنها) .

(127) (البخاري: 5569) و (مسلم: 1971) و(أبو داود: 2812) عن عائشة (رضي الله عنها). وە ئەو قەدەغە کردنەی هاتووە لەسەر هەڵگرتنی گۆشت (منسوخ) ە تەماشای: فتح الباري: 10/ 25-26)، و(الإعتبار: 120-122) بکە .

(128) (مسلم: 317) و(أبو داود: 1769) و(الدارمي: 74/2) و(ابن ماجة: 3099) .

چواردەهەم: هەر كەسێك توانای قوربانی كردنی نەبێت لە موسڵمانان پاداشتی ئەو كەسانەی بۆ دەنوسرێت كە قوربانیان كردووە لە ئوممەتی محمد ﷺ چونكە پێغەمبەر ﷺ لەكاتی سەربڕینی یەكێك لەبەرانەكانی فەرمووی:

(اللهم هذا عني، وعمَّن لم يضحِّ من أمتي)[129].

واتە: خوایە ئەمە لە جیاتی خۆم و هەر كەسێك لە ئوممەتەكەم كە توانای قوربانی نەبێت .

پانزەهەم: (ابن قدامة) لە (المغني: 11/ 95) دا دەفەرموێت: پێغەمبەرﷺو هەر چوار جێنیشینەكەی (الخلفاء الراشدين) ﷺ لە دوای خۆی قوربانیان كردووە ئەگەر بیانزانیبایە كەوا خێر باشترە لە قوربانی ئەوا دەیان كرد، چونكە پێشخستنی خێر لەسەر قوربانی دەبێتە هۆی وازهێنان لە سوننەتێك كە پێغەمبەر ﷺ داینـاوە .

(21)

خراپەكارییەكانی جەژن

برای موسڵمانم –خوای گەورە من وتۆش شارەزا بكات– بزانە ئەو خۆشییەی كە لە جەژنەكاندا ڕوودەدات، وای كردووە لەزۆربەی خەڵك كەوا فەرمانەكانی دینیان و حوكمەكانی ئیسلامەكەیان لەبیر بچێتەوە یان لە بیر خۆیانی بەرنەوە بۆیە دەیانبینیت جۆرەها تاوان ئەنجام دەدەن و چەندەها خراپە دەكەن وادەزانن كە ئیشێكی باشیان كردووە !!.

---

(129) (سنن أبي داود: 2810) و(سنن الترمذي: 1574) و(مسند أحمد: 3/ 356) بالسند الصحيح عن جابر ﷺ.

ئەمانە هەمووی هانمیان دا کەوا ئەم بەشە بەسوودە زیاد بکەم لە نوسینی ئەم کتێبەدا کەوا شوێنەواری هەیە لە یاد کردنەوەی موسڵمانان لەوەی لە بیریان چووە وە ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی کە لێی بێ ئاگا بوونە .

وە هەندێ لەو خراپە کارییانە:

یەکەم: – خۆ ڕازاندنەوە بە تاشینی ڕیش، ئەمەش شتێکە کە زۆربەی خەڵکی لەسەرە وە تاشینی ڕیش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا حەرامە، وە زۆر فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەرﷺ ئاماژەی بۆ دەکەن کە تیایاندا فەرمان دەکات بە هێشتنەوەی ئیتر یان پەیوەستی دەکات کەوا لێك چوونە (تشبە) بە هاوبەش بڕیاردەران کە ڕیش تاشین پیشەی ئەوانە، وە ئێمەی موسڵمان دەبێت پێچەوانەی ئەوان بین، یاخود پەیوەستی ناکات بەوەوە پاشان هێشتنەوەی ڕیش لە (فیترەتی) مرۆڤە کە دروست نییە بۆمان بیگۆڕین وە هێناوەی بەڵگە لەسەر حەرامی تاشینی ریش لە پەرتوکی هەر چوار مەزهەبەکە هاتووە بائەمە بزانرێت[130] .

دووەم: تەوقە کردنی پیاو لەگەڵ ئافرەتی نا مەحرەم و بیانی، ئەمەش هەموو خەڵکی گرتووەتەوە تەنها کەسانێك نەبن کە خوای گەورە ڕەحمی لێ یان کردووە و پاراستونی لەم ئیشە حەرامە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (لأن يطعن في رأس رجل بمخيط من حديد، خير له من أن يمس امرأة لا تحل له)[131].

واتە: ئەگەر دەرزی ئاسن لەسەر پیاوێك دابکوترێت باشترە بۆی لەوەی دەستی بەر دەستی ئافرەتێك بکەوێت کە بۆی حەڵاڵ نەبێت.

---

(130) تەماشای: فتح الباري: 10 / 351) و(الإختيارات العلمية: 6) و(المحلى: 2/ 220) و(غذاء الألباب 376/1) بکە، وەنامیلکەیەکی کورتم نوسیوە وچەند جاریك چاپ کراوەتەوە–سوپاس بۆ خوا– بەناوی: (حكم الدين في اللحية والتدخين) .

(131) (حديث صحيح)، ينظر تخريجه بتوسع في: (جزء اتباع السنن، رقم: 15، للضياء المقدسي) بتحقيقي.

وە ئەم حەرام کردنە بەڵگەی لەسەرە لە پەرتوکی هەر چوار مەزهەبەکەدا وباسکراوە ئاگاداربە[132] .

سێیەم: لێکچوون بەکافران و ڕۆژئاواییان لە جل و بەرگ و گوێ گرتن لە مۆسیقا و جگە لەمانە لە خراپەکارییەکان، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(من تشبه بقوم فهو منهم)[133].

واتە: هەر کەسێك لە هەر کۆمەلێك بچێت ئەوا لەوانە.

هەروەها دەفەرموێت:

(ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحِرَ والحرير والخمر والمعازف، ولينزلن أقوام الى جنب علم يروح عليهم بسارحة لهم، يأتيهم –يعني الفقير– لحاجة فيقولوا: ارجع إلينا غداً، فيُبَيِّتُهم الله، ويضع العلم، ويمسخ آخرين قردة وخنازير الى يوم القيامة)[134].

واتە: لەناو ئوممەتی من چەند کۆمەڵێك پەیدا دەبن کەوا زینا و ئاورێشم و مەی خواردنەوە و مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن، وە چەند کۆمەڵێکی تر لە تەنیشت شاخێکی بەرز نیشتەجێ دەبن ڕانە ئاژەڵەکانیان بەتەنیشتیانە دەڕۆن، هەژار دێت بۆ لایان بۆ پێویستی، پێی دەڵێن: بڕۆ بەیانی وەرەوە بۆ لامان، خوای گەورە لەناویان دەبات و چیاکە دەڕوخێنێت بەسەریان دا وئەوانی تریش دەکات بە مەیمون و بەراز تا ڕۆژی قیامەت .

چوارەم: چوونە ژورەوە بۆ لای ئافرەت لەیەك ژووردا بەتەنها، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(إياكم والدخول على النساء) .

---

(132) **تەماشای:** (شرح النووي على مسلم: 10/13)، و(حاشية ابن عابدين: 235/5)، و(عارضة الأحوذي: 95/7)، و(أضواء البيان: 603/6) .

(133) (أحمد: 2 / 50 و 92) عن ابن عمر رضي الله عنه وإسناده حسن .

(134) (البخاري: 5590) معلقا و وصله (أبو داود: 4039)، و(البيهقي: 221/10)، وغيرهما .

واتە: ئاگادارتان دەكەمەوە نەچنە لای ئافرەت بەتەنها، پیاوێك لەپشتیوانەكان (الأنصار) فەرمووی: ئەگەر خزمی مێردەكەی بێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش فەرمووی: (الحمو الموت)[135].

واتە: (ئەمە مردنە).

(الزمخشری) ووشەی (الحمو) مان بۆ شی دەكاتەوە و دەفەرموێت: كۆیەكەی (أحماء) ە: كە بریتییە لە خزمی مێرد وەكو باوكی[سمتر] وبرای و مامی وجگە لەوان ..... وەكو دەفەرموێت (الحمو الموت) مانای ئەوەیە كە خزمەكانی ئەو پەڕی خراپەو ئاشوبە دەیشوبهێنێ بە مردن، چونكە خراپترە لەكەسێكی نامۆ و غەریب لە دوورەوە كەوا ئەو ئەمینە و ڕێ نیشاندەرە، بەڵام كەسێكی بیانی لێی دەترسێت و چاودێری دەكرێت .

وە لەوانەیە دوعا كردن بێت لێی واتە: مردن لەوە وەكو پلەی خزم وایە كە دەچێتە لای ئافرەت ئەگەر ڕازی بێت بەو شتە[بوسمتر] .

پێنجەم: خۆ ڕووت كردنەوەی ئافرەت و دەرچوونیان بۆ بازاڕو شوێنەكانی تر، كە ئەمیش حەرامە لەیاسای خوای گەورەدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ﴾ [الأحزاب: 33] .

واتە: خوای گەورە فەرمان دەكات بە ئافرەتانی باوەڕدار كەوا لەماڵەكانتاندا جێگیر بن و دەرمەچن، وەجوانی خۆتان دەرمەخەن وەكو چۆن لەسەردەمی نەفامیدا دەكرا بەوەی كە ئافرەت ئەو شوێنانەی دەربخات كە واجب بێت لەسەری دایان بپۆشێت، وە نوێژەكانتان بكەن و زەكات بدەن .

---

(135) (البخاري: 5232) و(مسلم: 2172) عن عقبة بن عامر رضي الله عنه

(136) باوك جیا كراوەتەوە بەدەقی قورئانی پیرۆز، وە تەماشای: (المغني: 570/6) بكە .

(137) (الفائق في غريب الحديث: 1/ 318)، وانظر: (النهاية: 448/1)، و(غريب الحديث: 351/3)، و(شرح السنة: 26،27/9) .

وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت:

(صنفان من أهل النار لم أرهما: ..... ونساء كاسيات عاريات مائلات، رؤسهن كأسنمة البخت المائلة، لايدخلن الجنة، ولايجدن ريحها، وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا).

واتە: دوو پۆل هەن کە ئەهلی دۆزەخن من نەیانم بینیوە: ..... وە ئافرەتانێکی پۆشتەی ڕووت لادەرن لە گوێ ڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە و پاراستنی داوێنیان وبەلار ولەنجە بەرێگادا دەڕۆن وسەرەنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، سەریان وەکو بان پشتی وشتر خڕە قژەکانیان لەبان سەریان کۆدەکەنەوە و چاویان ناپارێزن ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە و بۆنی بەهەشتیش ناکەن، هەرچەندەی بۆنی بەهەشت دێت لە دووری ئەوەندە و ئەوەندەوە[138] .

شەشەم: تایبەت کردنی ڕۆژی جەژن بەسەردانی کردنی گۆڕستان، وە دابەش کردنی شیرینی و خواردن لەوێدا، وە دانیشتن لەسەر قەبرەکان، وە تێکەڵ بوونی ژن و پیاو ئافرەتی ڕووت و گریان و هاوارکردن لەسەر مردووەکان و، جگە لەمانە لەو خراپانەی تر کە بە ئاشکرا دیارە[139] .

حەوتەم: ئیسراف کردن و دەست بڵاوییەکی زۆر کە هیچ سوودێکی نییە و هیچ قازانجێکی نییە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ [الأنعام: 141] و [الأعراف: 31] .

واتە: ئێوە زیادە مەسرەفی مەکەن، چونکە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کەزیادە مەسرەفی دەکەن .

وە دەفەرموێت:

﴿وَلاَ تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا، إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ﴾ [الإسراء: 26، 27] .

---

(138) (مسلم: 2128) و 2856) و 52) و(أحمد: 2 /223 و 356) عن أبي هريرة رضي الله عنه .

(139) **تەماشای:** (أحكام الجنائز: 258 ـ 267) **بکە** .

واتە: زیادە مەسرەفی مەکەن، چونکە زیادە مەسرەفی لە شەیتانەوەیە، هەر کەسێك بیکات ئەوا گوێڕایەڵی شەیتانی کردووە .

وەپێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت:

(لا تزول قدما ابن آدم يوم القيامة من عند ربه حتى يُسأل عن.... وماله من أين اكتسبه وفيم أنفقه)[140].

دوو پێی ئادەمیزاد ناترازێن لەڕۆژی قیامەتدا لای خوای گەورە تاپرسیاری لێ نەکرێت لەبارەی ..... وەپارەکەی چۆنی پەیدا کردووە و لەچیدا بەکاری هێناوە).

هەشتەم:- وازهێنانی زۆربەی خەڵکی لەنوێژکردن لە مزگەوتدا بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی، وەهەندێکی تر تەنها نوێژی جەژن لەمزگەوتدا دەکەن، نوێژەکانی تر لە مزگەوت ناکەن، سوێند بەخوای گەورە ئەمە یەکێکە لەتەنگ و چەڵەمە گەورەکان .

نۆیەم: ڕۆیشتنی زۆربەی خەڵکی بەکۆمەڵ بۆسەر قەبرسان پاش ڕۆژ بوونەوەی ڕۆژی جەژن، وازدەهێنن لەنوێژی جەژن، سەر لێ تێك چوون بە داهێنراوی تایبەت کردنی سەردانی قەبرسان لەڕۆژی جەژندا[ئیمتر] .

هەندێکیان شتی تریش زیاد دەکەن بەوەی لق و چڵی دارخورما وداری تر دادەنێن (لەسەر گۆڕەکان)، کە ئەمانە هەمووی لەسوننەتدا بێ بنچینەن[ئیمتر] .

دەیەم: - بەزەیی و سۆز نەهاتنەوە لەگەڵ هەژاراندا ومنداڵی دەوڵەمەندەکان خۆشی وشادی خۆیان دەردەبڕن و خواردنی باش دەخۆن، ئەمانە هەمووی

---

(140) (الترمذي: (26، 27)، و(الخطيب في: تاريخه: 440/12) عن ابن مسعود رضي الله عنه، وفيه ضعف، ولكن له شواهد عن أبي برزة رضي الله عنه عند (الدارمي: 131/1)، و(أبي نعيم في: الحلية: 232/10) فالحديث حسن.

(141) (المدخل: 286/1)لابن حاج و(الإبداع: ص 135 لعلي محفوظ).

(142) **تەماشای:** (أحكام الجنائز: ص254) و(معالم السنن: 27/1)، وتعليق الشيخ أحمد شاكر على: (سنن الترمذي: 103/1) **بکە** .

لەبەر چاوی هەژاران ومنداڵەكانیاندا دەكەن، بە بێ هەست كردن بە سۆز و هاوكاری و لێپرسینەوە، لەگەڵ ئەوەی كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:
(لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)[143].

واتە: هیچ كەس لە ئێوە باوەڕی تەواو ناهێنن تا ئەوە بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براكەیشی پێی خۆش نەبێت .

یانزەهەم: ئەو داهێنراوانەی كەوا زۆربەی خەڵك دەیكەن خۆیان بە زانا دادەنێن بەناوی نزیك بوونەوە لە خوای گەورە لەگەڵ ئەوەی كە هیچ بنچینەیەكی نییە لە دینی خوای گەورە، گەلێك زۆرن[144]، من لێرەدا تەنها باسی یەك شتێكتان بۆ دەكەم، بۆ ئەوەی كتێبەكەم لەمەبەستی خۆی نەچێتە دەرەوە، ئەویش ئەوەیە كەوا زۆربەی ووتاربێژان و ئامۆژگاری كەران دەیڵێنەوە ئەویش خۆ نزك كردنەوەیە لە خوای گەورە بە زیندوكردنەوەی هەر دوو شەوی هەردوو جەژن، تەنها بەمەشەوە ڕاناوەستن بەڵكو ئەم شتە دەدەنە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ كەفەرموویەتی: هەر كەسێك شەوی جەژنی ڕەمەزان و شەوی جەژنی قوربان زیندو بكاتەوە، ئەوا دڵی نامرێت لە ڕۆژێك دا هەموو دڵەكان دەمرن[145]. نابێت ئەمە بدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ وە باشترین ڕێنمایی ڕێنمایی پێغەمبەرە ﷺ .

(22)

كۆتایی

ئەمە دوا شتە كە خوای گەورە بۆمی ئاسان كردووە كە كۆی بكەمەوەو ڕێكی بخەم سەبارەت بە هەردوو جەژن و حوكمەكانیان و ئەوەی پەیوەندی پێیانەوە هەبێت لە (فقە) و شارەزا بوونیان، كەوا موسڵمانی نەخوێندەوار لێی بێ

---

(143) (البخاري: 13) و(مسلم: 45) و(النسائي: 8 / 115) و(البغوي: 3474) وزادا: (من الخير) وإسناده صحيح .

(144) بڕوانە هەندێكیان لە كتێبی: (أعياد الاسلام: 58) بەشی (بدع العيدين) .

(145) حديث موضوع تەماشای: (سلسلة الاحاديث الضعيفة: 520) و 521) بكە .

پێویست نییە چ جای قوتابی زانست، پێشکەشی دەکەم وەکو یادکردنەوەیەك بۆ موسڵمانان بەگشتی، هەتا پەرستنەکانیان ڕاست بکەنەوە و خۆ نزیك کردنەوەیان ڕێك ڕابگرن بە ڕاستی .

ترسان بێت لەخواو خۆشەویستی بێت بۆ خوا . ئەگەر هەڵەم کردبێت لەنەفس و شەیتانەوەیە، وە ئەگەر ڕاستم کردبێت تەنها لە خوای گەورەوەیە.

وآخر دعوانا أنِ الحمدُ لله رَبِّ العالمين

نووسینی
أبو الحارث علي بن حسن علي
الزرقاء، الأردن
15 /صفر 1404

پاشان تەماشام کردەوەو زیادم لە چەند دانیشتنێکدا
لەسەرەتای شعبان 1413 ھ

ماڵپەڕی فەرموودە
www.fermude.com

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی وەرگێڕ	3
پێشەکی نووسەر	7
1- جەژن.....	11
2- ڕەحمەتی خوای گەورە بۆ ئوممەتی محمد ﷺ	
بە هەردوو جەژن	12

3- ڕێگا پێدان بە گوێ گرتن لە دەفی کیژۆڵە 13
4- خۆ جوان کردن و خۆڕازاندنەوە لە جەژن دا..... 15
5- دەرچوون بۆ نوێژگە (المصلی) 17
6- ڕۆیشتن وگەڕانەوە لە نوێژگە (المصلی)..... 19
7- (الله أكبر) کردن لە جەژنەکان دا 21
8- چ کاتێك دەخۆیت لەهەردوو جەژندا..... 24
9- خۆشوشتن پێش جەژن 26
10- ئایا پێش وپاشی نوێژی جەژن نوێژی تر هەیە ؟..... 27
11- حوکمی نوێژی هەردوو جەژن 28
12- کاتی نوێژی چەژن..... 30
13- بانگ و قامەت نییە لە نوێژی هەردوو جەژن دا 32
14- چۆنێتی نوێژی جەژن 33
15- ووتار خوێندنەوە لە پاش نوێژە 37
16- ووتار خوێندنەوە و ئامادە بوونی خەڵکی
بەئارەزووی خۆیان 38
17- کۆبوونەوەی جومعە و جەژن لە یەك ڕۆژدا..... 40
18- پیرۆزبایی کردنی جەژن 42
19- قوربانی کردن 44
20- حوکمەکانی قوربانی کردن 49
21- خراپەکاری یەکانی جەژن 54
22- کۆتایی 60
ناوەڕۆك 61